

# ئاژەلانی پەیڤگۆ

## شیعر و نوسینی

## ئەحمەد دەشتی

•

2001

| | |
|---|---|
| چەند وشەیەک | 9 |
| پشیلە | 34 |
| کارمامز | 36 |
| سەگ | 38 |
| کەروێشک | 41 |
| ئاهو | 43 |
| تاوس | 45 |
| قـــاز | 47 |
| دار کونکەرە | 49 |
| چۆلەکە | 51 |
| کۆتر | 53 |
| کەو | 55 |
| مەیموون | 58 |
| کەرە کێوی | 60 |
| کەنگەرۆ | 62 |
| ورچ | 64 |
| بزن | 66 |

گـــــا 68
کەر 70
ئەسپ 72
مەڕ 74
بزنەکێوی 76
مشک 78
بەرخۆڵە 79
وشتر 81
تووتی 83
بولبول 85
هەڵۆ 87
کەلەشێر 90
مریشک 92
حاجی لەک لەک 94
قەتێ 96
بۆق 98
کاریلە 100
ژووژک 102

سمۆره 103
کیسەڵ 105
مـــــــار 107
جوجەڵە 109
گورگ 111
ڕێوی 113
پەڕە سیلکە 115
قازو قورینگ 117
هەنگ 119
عەلەشیش 121
خالخالۆکە 123
هێستر 126
قەڵە ڕەشە 128
فیل 130

*

**ناوی پەرتووک : ئاژەلانیپەیڤگۆ .**

**نوسین و هۆنراوەی:ئەحمەد دەشتی.**

**بە سود وەرگرتن لە چەند پەرتوکێکی فارسی بەناوی ئاژەلانی سوخەنگۆ.**

**بەیادی ڕۆژانی ئاوارەییێ ودەربەدەریمان**

**پێشکەشەبەجگەرگۆشەکانم:**

**کاکە هەلێر و کاکە هێدی و هێرۆ خان و کاکە هێمن و هەتوان خان و کاکە هیواو ڕوناک خان و خوناو خان، هەروەها پێشکەشە بە نەوە خۆشەویستەکانم کاکەئەزیزو کاکە سەرمەندو کاکە ڕامان و کاکە هانا و تەلارخان و تەلان خان و کاکە کۆسار و هەموو رۆڵەیەکی تری کوردی ئازیز.**

# ئەمن کوردێکم

**ئەمـــن کوردێکــم لانــە ڕماوم**
**وێـل و ئــاوارەو دەربەدەر کـراوم**



**بێ ئازادی ژین زۆر لەمێژ ســاڵە**
**نامۆو غەرێبم ژیــــانم هەر تاڵە**

نیشـــــتمانی من پـــارە پـارەیە
کورد لە مالی خـــۆی هەر ئاوارەیە

تاکو ڕۆژێ نێ کوردســـــتانی من
ســـەر بەخۆ نەبێ ناسرەوم ئەمن

قەت قەتکۆڵنادەمبۆ کوردستانم
تا ڕزگار نەبێ گشت نیشـــــتمانم

هەرچی من هەمە تەنیا بۆ کـوردە
رێگەم ریبازی ســـەروەری مەردە

فێربووملەبۆ کورد ســـەربەرزبمرم
بۆ مـەرگ نەژیم ڕێی گەڵم بگرم

هـــەر دەلێم بژی کوردوکوردستان
بمــــرن نەیار و خائین و پەسـتان

*

# کورتە پەیڤێک

باشترین سەرچاوەی ژیانێکی پێشکەوتوانە و شارستانیانە دەلێن بوونی پەرتوکە بۆ خوێندنەوە.پێم وایە هەموو وەڵات و شارو سارۆچکەو گوند و باشترین ژوور و ماڵیش بە پەرتوکخانەی دەولەمەندو تەژی لە هەموو جۆرە پەڕتوکێکی کە بۆ سود و بەکەلکی مرۆڤ و خوێندنەوە بێت باشترو لە بار تێە،جوانترین وەلات و میللەتانی جیهانیش ئەو وەلات و ئەو گەلانەن کە هەستی پاک و نیشتمانی و زانیاری و زانستەکانیان لە خوێندنەوەی پەرتوکەکان دا بە شێوەیەکی زانستیانە و هەول و تێکۆشانیان وەرگرتبێت،جوانترین زانستی مرۆڤیش لە خوێندنەوەی پەرتوکی بە سود و جۆراو جۆرەویە کە لە پەرتوکەوە فێری دەبێت ، هەموو ئەو گەلانەی کە تا ئەمرۆ پێشکەوتوون و نیشتمانی خۆیان بەرەو پێشەوە بردوەو ئەوەندە پڕ تەکنیک و تەکنەلۆژیان شتێکی روونە کە بە زانست و زانین گەیشتۆنەتە ئەوپەڕەکەیەوە ، ئەوان واتە ئەو گەلانەی کە ڕویان لە خوێندنەوەو پەرتوک و زانست و زانیاریەوە کردووە بەرهەو پێشەوەجوینە ، مرۆ کەچاوی بەم وەلاتە پێشکەوتووانە لەهەموو بوارەکانی ژیانەوە دەکەوێت،بەڕاستی دڵی پیان شاد دەبێت و ئێرەیی بەووە دەبات کەئەم گەلانە چەند پێشکەوتوون و کەچی میللەتی ێمەی کوردیش بە سەدان

ساڵ لەدوای ئەو گەلانەین و هەتا ئەمڕۆکەش هەر بەجێماوین و نەگەیشتوینەتە ئەم ئاستەوەو ، هەروا لە کاروانی شارستانیەت و پێشکەوتن دا وەدوا کەوتووین ، بۆچی و لەبەر چی هەتا ئەمڕۆکەش 50 ملیۆن کورد وەلاتێکی سەربەخۆو ئازاد و ڕەهامان نەبووە و نیە ؟ زۆر بە داخەوە کە دەبێ بۆ وەرامی ئەم پرسیارە بڵێین تەنیا هۆی نەبوونی قەوارەیەکی میللی کورد و دوا کەوتنمان هەتا ئەمڕۆکەش تەنیاو تەنیا هۆی نەزانی و نەبوونی زانست و هۆی نەزانینمانە ، چونکە نەزانین واتە نەبوونی سەربەخۆیی و بوونی گێرو گرفت و دوا کەوتوویی لە کاروانی پێشکەوتنی گەلان و جیهان و شارستانیەت دا .

ئەحمەد دەشتی

بەهاری 2001بەرلین

# چەند وشەیەک

لە دوای کارەساتە شومەکەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و ئاوارەبوونی هەزاران ڕۆلەی کوردی خەباتگێڕو پیشمەرگەی کوردستان ، ئەو هەموو خەم و ئازارو کوێرەوەریانەی کە لەژیانی ئاوارەیمان پێ بڕاو و دەربەدەر بوین و کەوتینە هەندەرانەوە و لە دووری خزم وکەس وخاکی کوردستانی شیرینمانەوە هەریەک لە ئێمە لەئێران دا کەوتینە شوێنێکی دوور دوور لە سنورەکانی کوردستانەوەو گەلی ئازارو ڕەنج و ناخۆشیمان لەو ژیانە دەربەدەریە دا کیشاو هەمیشە وەک بلێی کە کەوتووبووینە ناو زیندانێکی پڕ لە زەبرو زەنگ داو دوور لە هەموو ژیانێکی شاد و کامەران بووبووین و لە ناو گوڵخەن دا دەژیاین ، من لەو دەم و ڕۆژگارە سەختانەدا لە دووری نیشتمانە شیرینەکەمان دا هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە بتوانم لەم دوور وەلاتە و ژیاینی دەربەدەریشم دا دوای ئەو کارەساتە مەزنەی شۆڕشی ئەیلول کە لەساڵی 1975 دا بە سەرمان داهات ، هیچ نەبێ بتوانم کە خزمەتێکی بچکۆڵانە بە گەل و نیشتمانی خۆم بکەم و لەم تاراوگەیەدا سودێک هەرچەند کە بچوکیش بێت بیگەیێنم و بیخەمە بەردەستی

خویندەوارانی زمانە شیرینەکەی کوردی خۆمان، ئێمە هەرچەند ئاوارە بووبووین لە گەڵ ئەو هەموو حەسرەت و خەم و پەژارانەشمانەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان بێ هیوا نەبووین و هەرگیز ئەوەمان لە یاد نەدەچۆوە کە ئەو هەموو زۆلم و زۆرداریەی بە سەرمان دا سەپاوەو توشمان بەو کارەساتە مەزنە کراوەو ئاوا ئاوارەو دەربەدەریان کردوین و تەنانەت مافی پشو دانیشمان لە ناو خاک و لانەی خۆمانەوە پێ نەدراوە بەڵام ڕۆژێک هەردێتن کە کوردیش وەک گەلانی ئەم جیهانە خاوەن مافە ڕەواکانی خۆی بێت و نیشتمانی ئازیزی کوردستانمان سەربەخۆ و ڕزگار دەبێ ، من و گەلێ لە هەڤالانی خۆشەویستم کە لە ئۆردەوگاکەی ڕەبەتی لای سەردەشتەوە بووین سواری ئوتومبێلە زیلەکانی سەربازیان کردین لە گەل ئەو هەموو حەمکە مندال و پیر و لاو و ئافرەتانی ئاوارە ، لە پشتەوەی ئەو ئوتومبیلە سەربازیانە سواربووین هەر دەتگۆت کە ئەسیری جەنگین و زۆر نامرۆڤانە رەفتاریان لە گەل دا دەکردین و بێ ئەوەی کە پێمان بلێن بو کوێمان دەبەن وبەرەو کامە شار یا گوند یا جۆلی دەڕۆین و دەمان بەن و نەمان دەزانی کە بۆ کامە لامان دەبەن ، من کە ناوم بۆشاری یەزد دەرچووبوو وام دەزانی بەرەو ئەو شارە دەچین ، لە ئۆردوگای ڕەبەتەوە کە بە ڕێ کەوتین، شەو گەیشتینە شارە خنجیلانەکەی مەهابادی قارەمانان و هەواری بارزانی و پیشەوای نەمرو سەرکردە

دلێرەکانی تر کە لە چوار چرای کوردایەتی لە دار دران،مەهابادی هەواری یەکەم کۆمارە ساواکەی کوردستان ، مەهابادی زێدی سەدان ڕۆڵەی تێکۆشەرو خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر و هۆزانوان و دڵسۆزانی کورد ، ئێمە ئەم هەموو حەمکە خەلکە لە ناو تۆزو خۆلی ڕێگەی سەردەشتەوە وەرهاتبووین،شەو لە مزگەوتی گەورەی شاری مەهاباد دابەزین و ماینەوە ، خەڵکی تێکۆشەرو خاک پەروەر و کوردی ئازاو دلسۆزی شاری مەهابادی قارەمانان کە زانیان ئاوارەکانی کوردی ئەو دیو هاتوونە مزگەوت و پێویستیمان بە خواردن و هاوکاری هەیە ، ئەوا ئەو کوردە مەردو دلێرو نیشتمانپەروەرە قارەمانانەی ڕۆڵەکانی پێشەوای نەمر و هەردەم زیندوو بە گەورەو چووکەوە ڕویان کردە ئەو مزگەوتە و ئیتر ئەوەندەیان خۆراک و هەموو پێویستیەکی ژیانیان بۆ ئەو خەلکە هێناو ئەو مزگەوتەیان تەژی لە خۆراک و گەلێ پێویستی تر کرد و لە هەموو کەل و پەل و خواردن و جگەرەو میوەجات و خواردنەوە دا کەم تەرخەمیان نەکرد ، ئەو دیمەنە پڕ لە خۆشەویستیەی خەلکی دڵسۆزی نیشتمانپەروەرانی شاری مەهابادی شامیران وای لە من کردبوو کە هەندی دەمکرد لەتاو ئەو هەموو دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەم کوردە قارەمانانە ئاو لە چاوانم گیر نەدەبوو و لە بەر نزگرەی گریان هیچ قسەشم پێ نەدکراو بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی ئەم کوردە مەردانە واقم لێ

وڕمابوو ، من کە ئێستاش ئەم بیرەوەریە دەنوسمەوە وا ئەسرین لە چاوانم دێتە خوارێ و دەچمەوە یادی ئەو دیمەنە هەتا هەتایە لەبیر نەجووەم بە تایبەتی دیمەنی ئەو ئافرەتە پیرەژنەی کە چاوی بە من کەوت و منی بینی کەوا ئەسرین لە چاوانم دەهاتە خوارەوە و لەناو ماڵ و منداڵەکانم وەستا بووم و بە گریانەوە دەمڕوانیە ئەم کوردە دلێرانەی شاری مەهاباد و ئارام ئارامیش چاوەکانی خۆم دەسڕیەوەو هەرچەند دەمکرد گریانم ڕانەدەوەستاو ئەو پیریژنە دلسۆزە کوردە کە وەک دایکم وابوو، هاتە لای من و زۆر بە پەرۆشەوە وەک دایکێکی ساڵەهای ساڵ ڕۆڵە نەدیو ئامێزی بە من دا کردو وەک شێرە ژنێکی دڵ گەورەو و هوشیار و ژیر، وەک خاتونێکی پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری وەک دایکێکی هەتا بڵێی دڵسۆز بۆ ڕۆڵە خۆشەویستەکەی، بە بزەیەکی پڕ لە خۆشەوێسی بۆ لای من هات و بە دڵ دانەوەم دەستی لە ملی منی ئاوارە و پڕ لە خەم و ئازار کردو هەردو لا رومەتەکانی ماچ کردم و دەیگوت: ڕۆلە گیان بە قوربان،چاوەکەم هەر چەند دەزانم کە دڵت جۆنەو بۆچی دەگریت بەڵام قەت نەکەی بگری! چونکە گریان هەتوانی زامەکانی ئێمەی کورد ناکات مەگری بۆچ دڵت ئاوا توند دەکەی ورەت بەرز بێت، لە بەر خاتری منداڵەکانت خۆت نا ئارام مەکە! ئێمە هەموو دایک و براو خوشکی تۆین و ئێستا ئێوە لە باوەشی خزم و کەسان و میللەتی خۆتان دان ئێرە

مەهابادی شاری قازی و بارزانیە ، شاری دلێرانی کوردە ، ئێرە شاری ئێوەیە شاری هەموو کوردێکی دلسۆزە جا چۆن دەبێت کوردی بێتەئەم شارەی قازی نەمر بگرییێت، حۆت نارحەت مەکە و دەستی منی گرت و منی لەوێ ڕونیشاندو لە تەکمەوە ڕوونیشت ، گەلێ پەیڤی جوان و کوردانەو دڵدانەوەی دلسۆزانەی فەرموو ، پاشان ماوەیەکی زۆر لە لای ئێمەو منداڵەکان ڕوونیشت و گوتی من ئێستا دەڕۆم و دێمەوە لاتان، ئیتر ئەو هەستا ڕۆیی، منیش کە چاوم هەل دەبڕی و ئەو خەلکەم ئاوا دەدیت و خەلکی بە شەڕەفی مەهابادیش ئـــا بەو جۆرە هەستی خۆیان دەردەبڕی و ئاوا خزمەتی ئاوارەی کوردیان دەکرد زیاتر دڵم گڕی دەگرت و هەرچەند هانی خۆم دەدا نەم دەتوانی ئەسرینی خەم و ئازارەکان و سیمای ئەو خەلکە لە یاد بکەم و ئەسرینی بۆ نەڕێژم بە هەر حال ماوەیەک گریانم نەوەستاو پاشان چووم دەم و چاوی خۆم شوشت و هاتمەوە لای منداڵان و ئەو پیرێژنە قارەمانەکەش دیاربوو هاتەوە لامان و کۆلێکی کەل و پەل پێ بوو یەکسەر بۆ ئێمەی هێناو گوتی ڕۆلە گیان ئەم شتانەم بۆ هێناون هەڵیان بگرن ئەمانە بۆ ڕێگەن چونکە ئێوە بۆ ناو بێگانەکان دەڕۆن ئەو نامۆیانە کوردیان خۆش ناوێ هەموو شتێکی پێویستم بۆ هیناون بە تایبەتی بۆ منداڵەکانتان تا دەگەن بە شوێنی دیار کراوتان ئیتر ئەو دایکە ئازیزەو شاژنە هەر لامان مایەوە و

گەلێ خواردنی جۆراو جۆر و هەندی جل و بەرگی مندالانیشی بۆ هینا بووین و هەمیشە دڵی ئێمەی دەدایەوەو نەفرینی لە دوژمنانی کورد دەکرد و گوتی ڕۆلەگیان من لە ژیانم دا ئەوا دوو کارەساتی زۆر گەورە ببینم دژ بە کورد و کوردستان، یەکێک لە ڕۆژگارەکانی کە هێشتان جحێل بووم ئەو کاتانەی کە پێشەوای نەمرو یارە قارەمانەکانیان لەم چوار چرایە لە سێدارە دران و بە چاوی خۆم دی کە ئەو سەردارانەی کورد لە قەنارە دران و ئەمرۆش وا ئەم کارەساتەی کە خیانەت کردن و خەنجەرێکی ژەهراوی لە پشتەوەڕا لە شۆڕسی بارزانی دراو وا هەزارانی وەک ئێوە ئاوارەکراون، دیاربوو ئەویش چاوەکانی خۆی دەسڕیەوە و منیش زیاتر نزگەرەی دەیگرتم ، ئیتر ئەو سیماو ڕوداوەی ئەو شەوەم قەت لە بیر ناچێتەوە،هەزاران سڵاو بۆ خەڵکی بە شەڕەفی مەهابادی خۆشەویست و شاری قارەمانان.

وا بوو ئەو شەوە تا بەرەبەیان لەوێ ماینەوە،هێشتا تاریکایی باڵی ڕەشی هەر مابوو ماڵ ئاوایمان لە خەلکی مەهاباد کردو سواری ئتوموبێلەکان بوینەوەو بە ماشینە سەربازیەکان کەوتینەوە ڕیگە کە بە رەو شوێنێکی نادیاریان دەبردین،نەمان دەزانی بۆ کوی دەڕۆین، تا زانیمان وا لە مازەندەرانین،لە مازەندەران،ئێمەیان بردە ناو گۆڕستانێک کە پێیان دەگوت (ئیمام زادە یەحیا)لەوێ دایانناین،ئەو ئیمام زادەیە زیارەتگای شیعەکانەو ڕۆژانی هەینی پڕ دەبوو لە خەلکی ئەو

ناوەو بۆ زیارەت دەهاتنە ئەو شوێنە، ئیمەیان بە سەر ئەو ژوورانەی کە ژیرەوەیان گۆڕستان بوو دابەشیان کردین ، وەزعێکی زۆر نالەبارو ناخۆش بوو،من و مامۆستا سەعدەدین و ماموستا نەجات موحەممەد سەعید ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە دا نەماینەوە ، چوینە شاری گونبەدکاوس و لەوێ هەرسێکمان خانوێکمان بە یەکەوە بۆ خۆمان و ماڵ و مندالانمان بە کرێ گرت و برایانە سەرمان بەیەکەوە ناو زۆرمان سەبر بە یەکەوە دەهات، تا ماوەیەک بە یەکەوە بووین،پاشان هەر یەکە خانوێکمان گرت ، لە دوای ماوەیەیەک بووین بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی گونبەدکاوس و مینو دەشت دامەزراین من لە قوتابخانەی ڕاهنەمایی کۆڕشی کەبیر دامەزرام دەرسی عارەبی و قورئانم دەگوتەوە ، گەلێ لە هەڤالانی تریشمان وەک مامۆستا فوۆاد حەمە لاو و مامۆستا فوئاد فەتاح و مامۆستا و موحەمەد شێخۆی نەمر هەریەکەمان لە قوتابخانەیەک دامەزراین و لەو غوربەتە سەرمان بە یەکەوە نابوو دەردی گرانی دڵی نامۆیی و دووری وەڵاتی شیرینی خۆمانمان بە یەکەوە دەکیشاو گەلێکمان سەبر بە یەکەوە دەهات،بەلای منەوە هیچ شتێ لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری سەخترو ناخۆشتر و نالەبار تر نیە،خۆ بە ناشکوری نەبێتن ئێمەش لەوەتی هەستمان بە ژیان کردوو لە ژیانی ناخۆشیپێشمەرگایەتی و پاشانیش لەدەربەدەری بەولاوە

چیترمان بەش نەبووە، هەرچەندە لەگەڵ ئەم هەموو ناخۆشیانەشمان دا هەرگیز چاومان نەبڕیوەتە نزمایی و هەمیشە ڕوئیاکانمان بڵند و ڕوون و ئاوازی ڕزگاری وسەربەخۆیی کوردو کوردستانمان لە ناو دڵ و دەروون دا هەتا ئەمڕۆش نەبڕاوە و لە ناو هەست و بیرو خەیاڵمان دا ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان هەر بەرز بووەو هەمیشە چاومان بڕیوەتە ئەو ڕۆژە زێڕینانەمان کە ڕزگاری و سەر بەخۆیی کوردو کوردستانە،ئێستاش هەتا دوا هەناسەی ژیانم هەر چاو دەبڕمە ئەو ڕۆژەی کە کوردستانە ئازیزەکەم بە مانای وشەوە ڕزگارو سەربە خۆو دەبێت و ئێمەش ئازادو ڕەها لەناو کوردستانی خۆمان دا بژین و گەلی کوردیش وەک تەواوی میللەتانی جیهان شاد و خەندان بژیت و لانەی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و زانست و زانیاری لە کوردستان دا پێشڕەوی گەل و وەلاتمان بێتن و ئێمەش بە تەکنیک و تەکنەلۆژیامان بگەینە ئەوپەڕی و لە ئاستی میللەتانی سەرفراز و پێشکەوتو دا بژین و ئالای کوردستانی دایکمان لە تەواوی جیهان دا بۆ هەمیشەبشەکێتەوە،ئەو نیازە گەورەو مەزنەی ناو دەروونم هەمیشە هانی داوم کە کاری بکەم و ئەو کارەش شیاوی خزمەتێک بیتن بۆ دوا ڕۆژی کوردستان ، هەرچەند کە ئەو خزمەتەش بچوک بێتن ڕۆژی دێتن کە دەبێتە شانازی و وەک بەرهەمێکی زیندو لە ناو گەل و وەلاتمان دا بۆ هەمیشە

دەمێنیتەوەو دەبێتە جێگەی شانازی کردنمان، هەروەک شانازی بە خۆ بەخت کردن و ژیانی ساڵەهای ساڵی پێشمەرگایەتی دەکەین، من هەمیشە حەزم لە خوێندنەوەو شیعرو نوسین و بوونی بەرهەمێکی باشی خۆم هەبووە و ئەم هەستەشم هەر لە کۆنەوە لە شیعرە نیشتمانیەکانی باوکی هێژام فێر بوویمە،هەر وەک کە شیعرەکانی باوکم فێری کردووم کە بۆ نیشتمانەکەم کوردستان خۆم بەخت بکەم و هەر لەو ڕوانگەی ئەو شیعرانەوەش بوو کە بووم بە پێشمەرگەی کوردستانی لە هەموو شتێکم شیرینـتر و بە نرختر، ئێستاش ئەو ئاوات و هیوایەم هەر لە ناو دڵ و دەروون دا هەر زیندووەو ماوەتەوەو قەت نامرێت،بۆیەکە هەر لە سەرەتای ئاوارەبوونم دا بیرم لە نوسین و خوێندنەوەی زۆر کردۆتەوە، لە یەکەمجار گەلێ لە پەرتوکەکانی منداڵان و مێژوو و هەندێ لە ڕۆمانەکانم بۆ خویندنەوە دەست پێ کردوو لە گەل نەبوونی و ئەو هەموو دکرەساتانەی کە بەسەریشمان هاتووە و کەوتینە دوورە وەلاتان و ژیانی دەربەدەری ، بەڵام هەمیشەکاتی خۆم بە فیڕۆ نەداوەو خۆم بە خەوێندنەوە خەریک کردووەو حەزم لە کتێب و زانست و زانیاری فێربوون کردووەو هەردەم بە سەر چاوەی ژیانم زانیوە، کە دەچومە دەرەوەش ڕووم لە کتێبخانەکان کردووەو هەر چەند کە ئەو هەموو پەرتوکخانە دەولەمەندانەی فارسانم دەبینی زیاتر حەزم دەچوە خوێندنەوەو کارینی

وەرگێڕانی ئەو هەموو بەرهەمە نرخدارانەی ناو ئەو پەرتوكخانانەوە،زیاتر حەزم لە فیربوونی زمانی فارسیش دەكردو هەستم بەوە دەكرد كە بەڕاستی زمانێكی هەتا بڵێی دەولەمەندەو مرۆ دەتوانێ گەلێ سوود لە فێربوونی ئەم زمانە شیرینە وەر بگرێت و گەلێ زانست و زانیاری لەو هەموو پەرتووک و ئەو فەرهەنگە مەزنانە وەر بگرێت كەبۆ سودی گەلی كورد جێی خۆی هەیە، لە ڕۆژگارانێ كە هێشتان منداڵ بووم باوكم هەزاران سلاو لە گیانی پاكی كەهەر مابوو بانگی دەكردم و لە حوجرەكەی خۆی دا گولستانی سەعدی بۆ دەخوێندمەوەو وەک دەرسێک هەموو جارێ پێی دەگوتم كە هەول بدەم فارسی لە ڕووی گولستانەوە فێر ببم، لەو سەردەمانەی كە لە حوجرە دەرسم دەخوێند چاوم بە گولستانی سەعدی دەخشاند و گەلێ شتی لێ فێر بووم ، لەم ژیانە دوورە وەلاتەشم دا كە لە بەختی كەچی من و هەزاران هەزار كورد توشمان هات،خۆ ئەگەر كتێبێكم بە دڵ بوایە لەو بابەتانە دەمكڕی و بەو نیازەشەوە كە ڕۆژێ بێت و بتوانم بیان گۆڕمە سەر زمانی شیرینی كوردی و خزمەتێک بە كتێبخانەی كوردی بكەم و وەریان بگێڕم و هەمیشە ئەو هیوایەم لە دڵ دابووەو بە هیوای ئەنجام دانیشی چاوم دەبڕیە وەدی هێنانی ئەم كارە گرنگە، یەكەم شتیش كە وەرم گیڕا كورتە چیرۆكیک بوو بە ناوی (ئەلماس ئەلماس دێنێ)و پاشانیش ڕۆمانی (قەلای

ئاژەلان) کە هەر لەو دەمانە داخوێندمەوەو بە دڵم بوو، بۆیەکە گۆڕیمە سەر زمانی شیرینی کوردی،سێیەمیش گەلی لە داستان وچیرۆکە کۆنە ئیرانیەکان بوو ، بۆمندالەکانم دەخوێندەوەو بە تایبەتی ئەوانەی کە بۆ مندالان دەشیان، دەستم بە وەرگێڕانی هەندێ لەو چیرۆکانەش کرد،خۆ کارو وەزعی نالەبارو خەم و بەسەرهاتە تالەکانی نامۆییش گەلی جاران وای لێ دەکردم کە دەستم لێیان بکێشمەوەو بە نیوەچلی بەجێیان بێلم، لە ئێران یەکەم جار کە دەستم بە نوسین کرد خەریکی پەندی (ژیان بووم) کە هەولی ئەوەم دا هەرچی پەندەو یان پەیڤی گەورەپیاوانی جیهان و کوردە کۆیان بکەمەوەو تا دەتوانم کتێبێکی لی بسازم ، وابوو ئەمەم ئەنجام دا ، کە بۆ ئەو کتێبەش سەرکردەی نەمرو خۆشەویستمان کاک ئیدریس بارزانی جوانە مەرگ هەرچەند جار کە چاوم پێ دەکەوت دەچومە لای و هەمیشە زۆری هان دەدام و بە مەزنایەتی و گەورەیی خۆیەوە هەموو یارمەتیەکی دەدام و تەنانەت وادەی چاپ کردنیشی پی دەدام و هەر ئەویش بیرەوەریەکەی ڕۆژی وەفاتی بارزانی بۆ چاپ کردم ، هەمیشە کە بە خزمەتی ئەو سەروەرە مەزنە دەگەیشتم لە پەندی ژیانی دەپرسیەوەو دەیفەرموو تەواوی بکەو من هەر لە سەر وادەی خۆمم بۆت چاپ دەکەم هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو سەرکردەکوردە قارەمانەمان کە هەرگیز لە یادمان ناجێتەوە ، بەڵێ ژیانی

ئاوارەیی و دەربەدەری هەرچەند سەخت و نالەبارو ناخۆش بوو، سەرچاوەکانی کتێبیشم زۆر بە دەگمەن لەو دوور وەلاتەوە لەبەر نەبوونی دەست نەدەکەوتن،چونکە دەبوایە بیان کڕم،ئەو ئیمکانیەتەشم نەبوو کە ئەم کارە ئەنجام بدەم،جارو بارە بەهۆی خزمەکانمەوە لە کوردستانی ڕۆژهەلاتەوە، واتە قادری سەید ئایش و کویخا موحەممەد و دایە گەورەی مندالانم و کاکە مرادو کاک محەدەمین زەردە نەلوسی لە شاری شنۆوە پیرانشارەوە زۆر لە برادەرانی ترم چەند جارێک هەندی کتیبیان بۆ دەناردم چەند دانەیەک لە کتێبی عزیز نەسینیش بوون و هەندی کتێبی کوردیش بوون کەخۆم داوای کوردیەکانم کردبوو دەربارەی پەندیٚ پیشینیان و پەیڤی گەورە پیاوانیان،کە زۆرم سود لێیان وەرگرت، من پەندی ژیانم تەواو کرد و بەلام داخەکەم هەرمایەوەو تا ئێستاش هەر چاپ نەکراوە،بە تەمای چاپ کرنی بووم ئەویش لە بەختی ڕەشی من و کورد کاک ئیدریسی نەمر جوانە مەرگ بوو و منیش کەوتمە ژیانێکی ئاوارەیی و دووری و زیاتر ئاوارە بوونم لە ئەوڕوپادا وخەم و ئازارەکانم هەتا دەهات هەر زیاتر دەبوو، دوای کەمیٚ دامەزرانم لە شاری بەرلین ئیتر وردە وردە دەستم پیٚ کردەوە ئەوەی تەواویشم نە کردبوو تەواوم کردن و بۆ چاپ کردن ئامادەم کردن، دیوانەکەی باوکم واتە(مەلاخدری دەشتی)و پەندی ژیان و(خوینی خاک) و(پیشمەرگەی ون)و

(قەلای ئاژەلان) کە ئەوەم هەر لە ئێرانەوە تەواو کردبوو بەلام هەر نەمتوانی چاپیان بکەم،هەروەها کۆمەڵێ چیرۆکی مندالان و پەیڤی ئاژەلان، هەر بە چاپ نەکراویی مانەوە ، گەلێ شتی تری بەسودم ئامادە کربوون کە بیان گۆڕمە سەر زمانی شیرینی خۆمان و بەڵام کە چاوم بەو کتێبانە دەکەوت چەندم خۆ پێوە ماندوو کردوون و هەروا بە چاپ نەگەیشتوون وبە داخەوەکە کەمێ سارد بوونەوەم لەو کارەداپێ دەبڕا،بە هەر حال کۆڵم نەدا و هەرگیز بە تەواوی وازم لێ نەهینا،دەستم کرد بە کار کرن لە سەر دیوانەکەی باوکم و بە شڕە تایپەکەم شیعرەکانم دەخوێندەوەو ئەویشم تەواو کرد و زۆرم خۆ پێوە ماندوو کرد،پاشان دوو دیوانی شیعرەکانی خۆم کۆ کردەوە و هەر لە مالەکەی خۆم لە گەل دیوانەکەی باوکم دا چەن پەڕتوکێکم لێیان بە کۆپی چاپ کرد و کەمێ دڵی خۆم ئاسودە کرد، پاشان دیوانەکەی باوکم و پەندی ژیانم ناردەوە بۆ کوردستان بۆ چاپ کردنیان،پاشان بەهۆی هێژاو بەرێز کاک شەوکەت شیخ یەزدینەوە بە فاکسێک داوام لە هیژاو خۆشەویست کاک نیچیروان بارزانی کرد کەیارمەتیم بداتن ئەم کتێبانەم بۆ چاپ بکەن ، کە ئەو بەڕیزەش لە گەڵ سوپاسی بێ پایانمەوە موافەقەتی کرد و وادەێ هاوکاری پێ داین لەکاتی نوسینەوەی ئەم کتێبەشم هێشتان هەر چاپ نەکراون و چاوەڕوانی چاپ کردنیان دەکەم، ئێساش کە دوای

خویندنەوەی گەلێ کتابی مندالآن بە هیوام کە دەست بە وەرگیڕانی چەند پەڕتوکێکی تریش بکەمەوەو بتوانم خزمەتێک بە نەوەکانی ئایەندەمان بکەم کە سودی گشتیان هەبێتن،لە یەکێک لە کتیبخانەکانی بەرلین کە پەڕتوکی فارسیان هەبوو،کتێبێکی بچکۆلەم بەرچاو کەوت بە ناوی(ئاژلانی سوخەنگو) هەموو ژمارەکانم کڕی بۆ مندالان ، بۆ خۆشم لە مالەوە خوێندمەوە زۆرم پێ لە بار بوو، بۆیەکە بڕیاری ئەوەم دا کە منیش دەست بە کار ببمەوەو کتێبێک بە ناوی (ئاژەڵانی پەیڤگۆ) لە سەر وەزنی ئەو کتێبە بە شیعر بنوسمەوەو بە زمانی هەر ئاژەلی شتێک بهۆنمەوە کە سودیان هەبێت و بۆ خویندنەوەی مندالان و گەورانیش بلوێت و هەول بدەم بە هەر شێوەیەکی کە بتوانم لە بارترو جوانتر بیان هۆنمەوەو تەواویان بکەم ئیتر تا بەو شێوەیەی کە لە بەر دەستانەو تەواوم کردن و گەلێ  شیعرم بە ناوی هەر ئاژەلێ هۆنیوەو ئەم پەرتوکەم تەواو کرد کە بە نیازم هی تریشی لە دوا بێتن و کۆمەلێکی تر لە کتیبی بە سود وەربگێڕم و پیشکەشی کتابخانەی کوردیان بکەم و بشتوانم قەلای ئاژەلان و نامۆی ئەلبێرکامۆو بیرەوەریەکانم و بزەی گریان و چەند چیرۆک و(چاو بە ناز)و وتارو شیعرەکانی تریشم و بە تەواوی ئامادە بکەم و چاپیان بکەم،بەهیوام کە ئاواتەکانم بگاتە دی و بگەڕیمەوە کوردستان و بەڕزگاری و سەربەخۆیی دوای ساڵەهای سال ئاوارەیی بە

**نیشتمانی خۆشەویستم شاد ببمەوەو منیش وەلاتە شیرینەکەی خۆم ببینم کەوا ئازادو ڕزگار و سەربەخۆبووین و گەلی کوردیش وەک تەواوی گەلانی جیهان بەرەو پێشەوە بڕوات و ببینم کە کوردستانی لە هەموو شتێکمان ئازیز ترو خۆشەویستتر ڕزگارو سەربەخۆمانەو ئالای کوردستانیش لەتەک پەرچەمی هەموو جهان لە کوردستان و جیهان دا بۆ هەتا هەتایە هەر بشەکیتەوە و کوردیش ئازاد و ڕەهاو سەر بەخۆ بە کوێرایی چاوی دوژمنانەوە بژیت.**

**ئەحمەد دەشتی**

بەرلین 2001

# چەند پەیڤێک

لەو کاتەوەکە ئاوارەی هەندەران بوویمە و وەک پێشەی خۆم حەزم لە خوێندنەوەی کتاب و زانیاری کردووە و دڵم بەو کنابانەی کە وەدەستم دەکەوتن یان لە کتێبخانەکان چاوم پێ دەکەوتن یان دەمکڕین و یان لە پەرتوکخانە گشتیەکان وەرم دەگرتن و دەمخوێندەوە زۆریان پێ شاد دەبووم و کەمێ تەمی غەریبی و ئاوارەیی ساڵەهای ساڵم پێ دەڕەواندەوەو کەمێ پەژارەکانم پێ کەمتر دەکردنەوە،لە گەڵ ئەوەشدا کە هەر کتێبێکی باش و بە سودم دەخوێندەوە وەیا خود چاوم پێیان دەکەوت و دڵم پێی دەگەشایەوە،جا چ ڕۆمان یان دیرۆک یان پەرتوکی مندالان کە بۆ منداڵەکانی خۆم دەمکڕین یان وەرم دەگرتن،ئەوەی کە دڵم پێ زیاتر خۆش دەبـوو ئەوە بـوو کە هەمیشە بیری ئەوەم لێ دەکردەوە دەمگوت ئای کە ڕۆژی بهاتبایەو وەڵاتی ئێمەش ڕزگارو سەر بەخۆ ببوایەو ئێمەش وەک ئەم هەموو میللەتانە نیشتمانی خۆمان پێش بخستبایەو لە ڕێگەی خزمەت بە ئاوەدانی و جوانی و سازکردنەوەی شارو دێهات و هەمـوو کەلەن و قوژبنێکی نیشتمانی ئازیزمان و بیری نەتەوایەتیمان هەرچی زیاتر بەرەو پێشەوە بردبایەو سا لە

**ڕێگەی وەرگێڕان و گۆڕینی ئەم حەمکە پەڕتوکانەی جۆراو جۆریشدا هەوڵمان بدابایەو خۆمان بە ڕۆشەنبیری زیاتر فێر بکردبایەو ڕۆلەکانی وەلاتەکەمان لە هەموو بوارێکە هەرچی هەیە لەم جیهانەدا لە دانش و مێژوو تەکنەلۆجیاو چیرۆک و ڕۆمان و داستانە بە نرخەکانی میللەتان و بیرەوەریە سەربەرزەکان و هەستی پاکی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی گەل و نیشتمانمان لە ناو هەست و دەرونێکی پتەوو پاک و تەژی لە دلسۆزی و خۆشەویستی کوردستانەوە بە ڕۆئیای شـیرین و سەربەرزەکانمانەوە ئەسپی زانستی خۆمان تاو بدابایەو بۆ وەدی هێنانی ئامانجە دوورو نەزیکەکانی خۆمان بە کارمان هێنابایەو ئێمەش لە ژێر سایەی ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی دا وەک تەواوی میللەتانی سـەربۆخۆ لە نیشتمانی خۆمان دا بۆ هەمیشە بحەسابایەنەو و ئێمەش خاوەنی خاک و وەلاتی خۆمان باین و بمان توانی بایە ئەم هەموو ڕوئیاو هیواو ئاواتەکانی دیرینەی خۆمان وئارەزووی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان و نیازی تەواوی ئەو قارەمان و هەمیشە زیندووانەی کە خۆیان کردە قوربانی ڕێگەی گەل و وەلاتی خۆیان وەدیمان هینا بایەو لە ژێر سـایەی ئازادی و ڕزگاری کوردو کوردستان دا هەموو لە هەموو بە زانین و زانیاریەوە خۆمان لە ڕێگەی پێشکەوتن بە گەل و وەلاتی ئازیزمان تەرخان کردبایەو دلسۆزانە بۆ هەمیشە خزمەتمان بە کوردو کوردستان**

کردبایە، جوتیاران زەوی و زاریـــان بکێلابایە و بەرو بوومی کـشـت و کاریان سەرکەوتوانە وەدەست هینا باو، ماموستا قوتابخانەکانی پێشخستباو لێپرسراوان خزمەتیان بە خەلک و ئاوەدانی و جوانی نیشتمان کردباو وەرگێڕان پەرتوکی پڕ لە سودو زانیاریان لە هەموو زمانەکانی جیهان دا وەرگێڕابایە سەر زمانی شیرینی کوردی و هەر یەکە لە بواری کاری خۆی دا لە خەبات و تێکۆشانی دلسۆزانە بۆکوردستان لە ڕێگەی پێشکەوتن دا بەوپەڕی دلســـۆزیەوە تێکۆشا بان و کوردستانی ئازیزیان بەرەو لوتکەی سەرکەوتن و پێشکەوتن بردبایە.

من هەر چەندە کە ئاوارەبووم و دوای کارەساتە شوومەکەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە گەل بارزانی نەمرو هەمیشە زیندوو و سەدان هەزار کوردی دلسۆز و خەباتگیڕ ئاوارەی هەندەران بووین و پاشانیش من لە بەختی ڕەشی خۆم کەوتمە ئەوروپاو لە ئەلمانیا گیرسامەوە،کە بە ڕاستی ژیانێکی دوورو ناخۆشی هەتا بلێی سەخت و نالەبارو ناخۆشم بردۆتە سەر،منیش بەش بە حاڵی خۆم هەمیشە وام زانیوە کە لە ناو گوڵخەنێکی دۆزەخ دا دەژیم و هەمیشە دووری کوردستانی خۆم لا وەک دۆزەخ وابووەو هەرگیز دڵم بە ئاوارەیی و دووری کوردستان شاد نەبووە مردنم لە دووری نیشتمانی خۆم گەلێک پی چاکتر بووەو لەم ژیانە پڕ نەگبەتیەی دەربەدەری و ئاوارەییم،بەڵام چی بکەم بە دەستی خۆم نەبووەو بە هۆی کارەساتەگەورەو

شوومەکەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوو کە دوژمنانی کوردستان لە پشتەوەڕا خەنجەرێکی ژەهراویان لێ داین و تۆشم بەم ئاوارەییە و دەربەدەریە هاتووە،لە گەل ئەوەش دا قەت کۆڵم نەداوەو بیرم لە خزمەتێک بە خاک و نەتەوەکەم و کوردستانی ئازیزم لە دووری وەلاتی شیرینمەوە کردۆتەوە و هەمیشە بە دۆست و برادەران و هەڤالانم گوتووە و دەلێم پێویستە لە هەموو بوارەکانی زانست و زانیاری زیتر هەول بدەین هەموو خوێندەوارێک کە زمانێکی بێگانە دەزانی بە پێی توانای خۆی هەول بداتن هیچ نەبێ کتێبێک وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و خزمەتێک بە پەڕتوکخانەی کوردی بکاتن،کە ئەمە بۆ خۆی جێگەی شانازی و سەربەرزیە بۆ هەموو ئەوانەی کە بەم کارە هەمیشە زیندووە هەڵ دەستن، ئەوانەی کە لیاقەت وماموستان وەک نوسەرە مەزن و گەورەکانی هەموو گەلانی ئەم جیهانەو ڕۆمانی بە پیز و پڕ لە سود بنوسن،کە بە سەرهات و ڕوداوە تال و شیرینەکانی گەلی کورد و نیشتمانی ئێمەش پڕیەتی لە کەرەستەی داهێنانی بە پێز بۆ نوسینی ڕۆمان و چیرۆک و هۆنراوەو شیعری نیشتمانی لە هەموو بوارێکەوە،ڕۆژیکێش هەردێتن کە هەرچی بەرهەمی نوسەران و شاعیران و هونەرمەندان هەیە دەتواندرێت کە بە چاپیان بگەیەنین و کوردستانی شیرینی خۆمان بەرەو لوتکەی سەربەرزی و سەر فیرازی ببەین , بۆ هەتا هەتایە نەفرین لە داگیرکەران و

زۆرداران و چەوسینەران بکەین و ئیتر جارێکی تر چارەی نەیارنی داگیرکەر نەبینینەوە و ســـەرتاسەری کوردستانی ئازیزمان بە ڕزگاری و سەربەخۆیی بژین و هەرچی شوێنی داگیر و تەعریب کراوەلە خاکی کوردستان دا لە سایەی سەری یەکگرتن و یەکبوونی گەلی کورد هەمووی بسێنینەوەو کەرکوکی دڵی کوردستانیشمان وەک تەواوی شارەکانی ترمان پەرچەمی سورو سپی و سەوزی خور نشینی لێ بشەکێتەوەو بە کوێرایی چاوی دوژمنان سەربەست و ڕەهاو سەرفیراز بژین،ئەوەش دەڵێم کە جێگەی شادی و خۆشحاڵیمانە کەوا ئەمڕۆ گەلێ لەو ئاواتەنەمان هاتـــۆتە دی و کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆمان هەیەو دلسۆزان و نیشتمانپەروەران و ئەوانەی کە لە ڕێگەی خاک و نیشتمانیان دا خۆیان بەخت کردووە ئێستا وان لە سەرکارو کوردستان ئاوەدان دەکەنەوەو دلسۆزانە لە گەل ئەو هەموو گیرو گرفت و هەولی نەیارانی کوردستان بۆ تێکدان و نەهێشتنی ئەو ئەزموونە پیرۆزەی کوردستان بەرەو پێشەوە دەڕۆن، دەزگای ئاراس و گەلی لە دەزگاکانی تری کوردستانیش وان لە خزمەت کەلتورو فەرهەنگی کوردەواری و پەڕتوکخانەی کوردیان تا بلێی دەوڵەمەند کردووە،کە ئەمەش بۆ خۆی خزمەتێکی هەتا بڵێی گەورەیەو مایەی شانازی و خۆش بەختیە بۆ گەلەکەمان کە ئەمڕۆ لە کوردستان دا بەوپەڕی ئازادی و سەربەرزی هەرچی

هەمانە بە چاپی دەگەیەنن و زانست و زانیاری بەرەو پێشەوە دەبەن وئەو هەموو هیواو ئاواتانەی کە سالەهایە بۆی دەنالێنین وا ئەمڕۆ لە سایەی سەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دا هاتۆتە کایەوە و لەگەل کەم و کوڕیەکانیش دا گەلێ لە ڕۆئیا شیرینەکانمان وەدی هاتوەو بە ســـەرفیرازیەوە چاومان بڕیوەتە ئەو ڕۆژگارە لە بارو تازانەمانەوە کە بوونی فیدرالی نەتەیەییە لە کوردستان دا، بۆ ئەوەی کە بتوانین کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە ببەین و چەکی دوبەرەکی و شەڕ و کوشتنی یەکتری و نارێکی بەتێکڕایی لە ناو بەرین و ئیتر جارێکی تر دوژمنان نەتوانن کەوا بێنەوە کوردستان ولوتی هەموو ئەو کەسانەش بشکێنین کە هەرگیز حەز بە یەکبوون و ڕێکی لە ناو ڕیزەکانی گەلی کورد ناکەن و هەموو دلســـۆزانی کوردو کوردستان دەست لە ناو دەست بنینەوە بۆ هەتا هەتایە نەفرین لە شەڕی خۆ کردن بکریتن و دەستی هەلبازان و ئەوانەی کە حەز بە شەڕی کورد کوژی دەکەن لە بن ڕا ببڕدرێتن ئیتر داگیرکەران چیتر نەتوان کە خاکی باوک باپیـــرانمان داگیر بکەنەوەو توشمان بە کارەسات ونەهامەتی و چەوساوەیی بکەنەوە،.ئای کەمرۆ چەند بەختەوەرە کە ئاوات و هیوای وەدی بیتن.

من لە ماوەی ژیانی ئاوارەییم دا هەر لە ســـەرەتای کارەساتە مەزنەکەی شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە لە گەل بارزانی نەمرو

دلسۆزانی کوردو کوردستان کەوتمە ژیانی غەریبی و دەربەدەری و لە ئیران تا سالی 1987گیرسامەوە و هەمیشە بە هیوای گەڕانەوەم بە کوردســـتانی ئازیتر لە هەموو ژین و ژیانمەوە بووم ، لە سالی 1982 دا لە پیرانشار لە گەل کەریم دەشتی و جەبار حاجی بڕیارمان دا کە هەول بدەین چەند کتێبێک وەربگێڕین و بە چاپیان بگەیینین،دەستمان بەو کارە کردو کەریم دەشتی( ئازادی یامەرگ ) کەدەست پیێ کرد و هەروەهاکتیبیکی جاک لەندەنی وەرگیڕا سەر زمانی کوردی و جەبار حاجی زۆربای یۆنانی وەرگیڕاو منیش (قەلای ئاژەلان )ی جـــــــــــۆرج ئۆرویل و (براکوژی)و( نامۆ )ی ئەلبیر کامۆم و چەند چیرۆکیکی مندالانم وەرگیڕایە سەر زامانی کوردی کە بە داخەوە تا ئیستا نەمان توانیوە کەچاپیان بکەین و هەر وا ماوەتەوە،ئەمەش هەر بە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەری و دووری لە نیشتمانی ئازیزمان(لیرە دەبی ئەوەش بلیم کەلە دوای چاپکردنی (بیرەوەری وەفاتی بارزانی نەمر)کەلە سەر فەرمان و ئەرکی جوانەمەرگ کاکە ئیدریس بارزانی چاپ کرا، ئەو نەمرو هیژایەو سەروەری کورد کاکە ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو لەئاوارەییمان دا لە ئێران گەلێک هانی منی دەداو لەو بارەوە هەمیشە دەیفەرموو هەول بدەن شت بە ڕاستی و دروستی بنوسن بیرەوەریە تال و شیرینەکان بخەنە سەر کاغەز تاوەکو ڕاستیەکان نەشیویندرێن و خەلکی

کوردەواری پێ چەواشە نەکریت ئەوەش کە هەولی داگیرکەرانە بە هەموو توانایانەوە هەولی شیواندنی بە سەر هاتەکانی کورد دەدەن و هەموو شتیکی ڕاست پیچەوانە دەکەنەوەو ڕاستیەکان ون دەکەن و ناڕاستی بەرز دەکەنەوە، هەمیشە دەیفەرموو دەبی دلسۆزانی کورد هەول بدەن کە ڕاستی بنوسنەوەو کتیبی باش وەربگیڕنە سەر زمانی کوردی و هەرچی توانایەکتان هەیە بۆ ئەو خزمەتە گەورەیە بە کاری بینن و منیش هەر پیویستیەکی کە هەتان بیت و من پیم بکریتن هەرگیز قسوریتان بۆ ناکەم و هەروەک چۆن وادەی چاپکردنی (پەندی ژیان)م لە گەل دیوانەکەی باوکت داوە کە هەر هەلێک هەل بکەوێت بۆت چاپ بکەم ، خوا کەریمە ئەگەر ئێوە ئاوا خۆتان ماندوو بکەن ڕۆژێک دێتن سەربەرزانە هەموو بەرهەم و نوسراوەکانی کوردی بە چاپ دەگاتن و کتێبخانەی کوردستان پی دەولەمەند دەبیتن،من هەر چەند جار بە خزمەتی ئەو مرۆیە قارەمان و دلسۆزو سەربەرزە بگەیشتبامایە ئەوا ئەو هەوالانەی دەربارەی نوسین و وەرگیڕانی لەمن دەپرسی و دەیفەرموو کۆڕی گۆڕینتان گەیشتە کێ و پەندی ژیانتان چی بە سەر هاتەوە؟منیش لە وەرام دا هەموو جاری چەند شیعرێکم لە پەندەکان بۆ دەخویندەوەو ئەویش زۆر کەیفی پێ دەهات و هەموو جارێکیش زیاتر هانی دەدام بۆ ئەو مەبەستە) هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی بارزانی و کاکە ئیدریسی جوانە مەرگ کە

هەتا هەتایە لە ناو دل و دەروونمان دا دەرناچیت و هەمیشە هەر زیندوونەمرە.

ئیتر لە سالی 1987 دا کە کەوتمە ئەورۆپا ئەم نیازەم هەر لە ناو دل دا زۆر زیاتر بوو بوو ،ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە زمانیکی تر فیر دەبم و دەتوانم زیاتر لەو بارەوە خزمەت بکەم،بەلام سەختی ژیان و و دووری کوردستان و بوونی ئەو هەموو مال و مندالانە لە ئەستۆمان و کەوتینە ژیانی ناو ئۆردوگاو ڕەفتاری زۆر نامرۆڤانەی بێگانەکان لە گەلمان و شەش سالی ڕەبەق ژیان لە ناو هایم دا گەلێک ئاوات و نیازی لێم کەم کردەوە کەگەلی ڕەنج و حەسرەتم کێشان و هەموو شتێکی لێ کردم بە گولخەن،تا سالانی 1992کە گەڕامەوە کوردستان و چاوم بەو هەموو شادی و ڕزگاری کوردستان کەوتەوە ئیتر کەمی بوژامەوەو بڕیارم داکە دەست بەو کارە بکەمەوە،ئەو شتانەی کە گۆڕیومن و ماون هەولی چاپ کردنیان بدەم،ناردم لە ئیرانەوە کتیبە وەرگێڕ دراوەکانم بۆ هات و بە دەستم گەیشتەوە ئەویش بە کەم و کوڕیەوە،بە هەر حال دەستم دایەوە کارەکان و وابوو یەکەمجار شیعرەکانی باوکم کۆ کردەوەو زۆرم خۆ پی ماندوو کردو بەلای خۆمەوە بە شێ کرنەوەیەکی باش تا ئەو ڕادەیەی کە تییان گەیشتم ئامادەی چاپ کردنم کرد و لە سالی 1999 دا تەواوم کرد،ئەوسا دیوانیکم لە شیعرەکانی خۆم بە ناوی (خوێنی خاک) و

پاشانیش )دیوانی( پیشمەرگەی ون)م بە تایپ چاپ کردن وئەوسا کتیبی (هەلەبجەی شەهید)و( قەلای ئاژەلان)م خستە سەر کەمپیوتەر و ئەوسا( پەندی ژیان) و (ئاژەلانی پەیڤگۆ)شم ئامادەی چاپ کردن کرن وئیستا ئامادەن بۆ چاپ کردن و وردە وردە هەولی چاپکرنیان دەدەم و بە هیوام کە لە کوردستان لە سایەی سەری دلسۆزان و برایانی ئازیزم چاپیان بکەم و ڕۆژیکیش بیت و بگەڕیمەوە کوردستانە شیرینەکەی خۆم و هەرچی لە توانام دابیتن لە ڕێگەی گەل و وەلاتی خۆم هەول بدەم و لە دوای سالەهای سالی ژیانی پیشمەرگایەتی و ئاوارەیی بە کوردستانیکی ڕزگارو سەر بەخۆ و دوور لە هەموو گیرو گرفتیکی ژیر دەستی داگیرکەران بم و نەمرم و بەخزم و هەڤال و یارو دۆستانی دیرینەی خۆم شاد ببمەوە و ئالای شەکاوەی کوردستانی ئازیزم بە جاوی خۆم ببینم.

ئەحمەد دەشتی

بەرلین

2001

# پشیله

من پشـــــــیلەی نـــاو ماڵم
کەویمەو زۆر خۆشـــــــحاڵم



کەمخـــــۆر و بی ئـــــازارم
له گوندان و له شــــــــــارم
کــــــاتی کـــەوا تەنیـــابم
له میـــــــاوه وەڕس نـــابم
که بیـــکارن منــــــــدالان
بازی دەکەین له مــــــالان
بـــەم لاو ئەولاڕادەکـەیـــن
دلی خـۆمان شـاد دەکــەین

یەکتـریمان خــــۆش دەوێ
ڕێـزمـــان بۆهـەموان دەوێ
من بە نـازم پشیـــــــــمە
هەرگیز بی ســــــیفەت نیمە
دەمینــــم لــــەمـــاڵــەوە
وەفــــــــادار دەمینمــــەوە
بۆ خۆم ڕاوی خـــــۆم دەکەم
هیچ مشـــکێ قـوتار ناکەم
قەتیش کاری بەدناکـــــەم
بە قسـەی نەیـاران ناکەم
لەجێی گــــەرم خەوم دێ
کە نوسـتیشم پرخــەم دێ
*

# کارمامز

شـــــەوان کــە تاریکی دێ
کـاتی خـــەو و پشــــــو دێ



دایکم لـــــــە نـــــاو لانەوە
لەمن قـــەت دوور نابتــــــەوە
لە ئـامـــیزی دایکـەگیــــــان
من قـوم دەدەم لەمەمکــــــان
من دایکی خۆمـــــــم دەوێ
ئەویـــــش منی خـۆش دەوێ
هــــــەردەم،دەم لاوێنتـــــەوە
هەرگیز لێم جــیا نابتــــــەوە

چاودێرمەئەو هەمیشـــــــــە
دەرناکـــەوێ لە بیشـــــــە
چـــاوی ناچیتە خـــــەوێ
تا خـــــــەوم لێ دەکـەوێ
خـــــــــەو دەبینم بەهــارە
لەویش دایکـم لێ دیــــــارە
بە ڕمـــــبازی و بە یـــــاری
پـــــاوان دەکەم بە دیـاری
لەگەل دوســـت و هــەڤـالان
دەچـــــم بۆ زورگ و یــالان
هەتا بلێی دڵ شـــــــــادم
چونکـــــە ژیان ئـــــازادم
*

# سەگ

من سـەگم وەفـــادارم
بۆ هەموو کـەس وکارم



گەلێ وریـــاو ژیکـــەلەم
لە ڕاکـردن بە پەلـــــەم
لەگەردەن و لەدەســــتم
من قەریتە دەبەســـــتم
زۆرجوان وخوین شیرینم
دلخۆش پـــڕ وەڤ ژنیـنم
لەناو حەوشـــەوبەرماڵان
پاس دەکـەم دەرو دالان
لە دەرگا کە دێم کەســێ
نەحەپم دڵ نـــاوەسێ

حەپەم بۆدۆست شـادیە
بۆ نـــەیـــار ناشـــادیە
دۆســـــتی هەموویارانم
دوژمن بـــە ڕەقیـــبانم
لە هـــەر ماڵێـــکا بەمن
بەوەفاودلســـــۆزم من
بەقسەی خاوەنم دەکەم
قەت خیانەتی لێ ناکەم
لە ناوگەللەو لای شـوان
زۆر وریامـە لە کێـــوان
پاســـەوانی ڕان دەکەم
گورگان بێ مراد دەکەم
هەرکێ کە هێرش بینێ
پەشـــیمان دادەمینــێ
دلســـۆز و ەفـــادار م
خیـانەت ناکەم لە یارم
جارێک دۆســتێ ببیبم
دەیناســـمەوەو دەیبینم
هەر چەند من بێ زمـانم
دوژمن ناس و چـــازانم
شتێ جارێک بۆن بکـەم

# لەکوێ بێ پەیدای دەکەم

*

# کەرویشک

منالان من کەروێشـــــکم
جوان وخـاوەنی مێشـــکم



لەسەوزایی و لە زەنوێـــــــر
شـادم بە بۆنی  شـــــلێر
وەرن هەمـــــومان ویکڕان
بچـــین بۆ بەزم و سـەیران
بنــــوارِن وا ئەو دەشـــــته
جوانەوەکو  بەهەشـــــــته
وەرن گـــــــولاّن بچێنین
دوور لە خـــەمـان بمێـــنین
مالی خــــــۆمان ئـاواکەین
بە گـــول بۆنــداری بکـەین
منــــــــدالانی دلــــۆڤان

وەرن دووربـــن لەكـــــــۆڤان
ئەوا كـــــــاتی بەهـــــــارە
گولأن ســــــــەریان دیـــارە
وەرن نەفرین لەخـــەم كەین
نیشــــــتمانمان شـاد بكەین
*

# ئاهو

من ئاهوی دەشت وکیوم
دیـارە شـــــوین و نیوم



ڕاوچیم بۆم بێتە ڕاوێ
هەلدێم نەکەومە داوێ
کاتێ کەبۆم داوێن تیر
دێتەوە یاد گۆتەی پیر
کەوا دەبێ وریـــــابین
دوورلە داوی نەیاربین
بەڕوخساری وک ماهم
بەچاوی جوان وسیاهم
جیهانیخۆمتەی دەکەم
باوەر بە دوژمن نــاکەم
نیـە بۆ کەس ئـــازارم
دوورلە گوندان وشارم

ئارەزووم شادی ژیـانە
سەربەست بژیم لەلانە
هەرچی بەندو چی ڕاوە
باوی نەبێ لــــەو ناوە
حەز دەکەم کەدڵشادبم
لێم بگەڕین ئازاد بــم
کۆسارانم خۆشدەوێ
ڕاوو بەندم قەت ناوێ
دەمەوێ هــەرئازاد بم
دور دوژمنی زۆردار بم
نەکەومە داوی نەیــار
شادبم لە خاکی هەوار
دوژمــــنان ببڕێنەوە
چارەیـان نەبێنـــنەوە
ســـەربەخۆو ئازادە بم
ئەسـیری دوژمن نەبم
*

# تاوس

**من تاوســــــــم وەک بـووکم**
**جـــوان و هێســـک ســـوکم**



**سیمام گەلی قەشـــــــەنگە**
**پەڕم  هەمـــووی ڕەنگ ڕەنگە**
**بە نـــــــاز و بـــالا بەرزم**
**جـــوان و تووک پـڕلە تـەڕزم**
**هەرچـــــەند پام ناشـــرینە**
**بەلام سیمام شـــیرینـــــــە**
**هـــــەرکە پەڕ دەکـــەمەوە**
**شــــادی ژین دەبینـــمەوە**
**لەم ســـــەر ئاوو زەمـــینە**
**دڵــم  پـــڕ پڕ ئـەوینـــــە**
**لە هەرشــــوینێ  من هەبم**
**بۆ جـــــوانی سروشت دەبم**
**دێنــــە دیدارم خـــەلک**

دەژیم وەک پاشـــاو مەلیک
لە دەشـــت و لێڕ و چیــــــا
لانەدەکــــــەم بێ جـــــیا
منیش ئـــــازادیــــم دەوێ
ژینی ژێر دەســـــتیم نـــاوێ
نەفـــرین دەکەم لە زینـــدان
ژیانم نـاوێ وەک بەنــــــدان
لە هـــــەرکوێ بم ڕەهـــا بم
ئـــــــازاد و کامــەران بم
ســــــەربەخۆیی خۆم دەوێ
ژینی ژێر دەســــــتیم ناوێ
*

# قـــــــــاز

من قــازی گەردەن بەرزم
لە ئاسمان و لـە ئـــــەرزم



مــــەلەوانێکی چـــــاکم
لە دەریاو دەشـــــــتی پاکم
پـەروازدەکەم لە ئاســــمان
بو گەرمێن و بۆ کوێســـتان
توکم گەلێ ســــودمــــەندە
گۆشتیشم خـــــۆش وڕەندە
کەویمــــەو هەم کێـــــویمە
دوژمن مـامە ڕێـــویمــــە
شـەوان کاتی خـــــەوانم
پاســــــەوانی یــــــارانم
قیرەم دێ کــە دوژمـن بێ
چ ڕۆژم بێ یا شــــــەو بێ
تیـژە ددانــەکـــــــــانم

قەشەنگ وەکو پەریـــــانم
پـــەردەی پێم گەلێ تەنکە
پــــــەڕ و بـــــــالم شـــلکە
ئێمە ئەشـقی سەر ئـاوین
قازی دەریـــــاو کـــانیاوین
دەفـــــڕین بەرەو ئاســـمان
تەی دەکەین دەریاو چەمان
لانەی خـۆمان خۆش دەوێ
بیچـوو هەل دیـــنین لـەوێ
قـــــاز و قورینگ و مـراوین
هەرسـێکمان تەیری ئاوین
لانەی خۆمان خۆش دەوێ
بۆ ژیان دەمـــــــرین لەوێ
کێ دەست درێـژکا بۆمان
بەرگری دەکەین خـــۆمان
قازێ قەت قـــــاز ناکوژێ
مافی نیە خـــــــوێن بمژێ
بۆ یەکک دڵسـۆز و پاکین
لە دوژمـــــــنان بێ باکین
*

# دار كونكەرە

من بۆ خــۆم دار كونكەرەم
بچكۆلەم وا لەوســــــەرەم



دنووک کـــــاتی لەدار دەم
لانەی خۆم لی ســـازدەكەم
كاتێ كەوا زســـــتان هات
لانەم گەرمە و پڕ نـــــەبات
من هیلكە دەكــــــەم لەوێ
بیچوو هەلدینم شـــــــەوێ
بۆخۆم گـــــەورەیان دەكەم
ڕیگـەیـــان نیشـــان دەدەم
لە بـــەرزایی دار چـــــــنار
دەفـڕم بـۆ چـــیاو بنــــار
داركونكـــەرێكی ئــــــازام

ڕۆژ کار دەکەم شـــــەو ڕازام
لانەم بــــــەرزو بڵنـــــــــدە
ژینم شــــــیرین وەک قەندە
منیش ژیاینم خــــۆس دەوێ
پەستی و ســــەر شۆڕیم ناوێ
لانەم بــــــەرزو بڵنـــــــــدە
شــــــیرینترە لە و قـــــەندە
*

# چۆلەکە

من چۆلەکەی خۆش بەختم
لە سـەر سواندەودرەخـــتم




هەلدەفرم بۆ چیاو دەشـــت
لانەم جونترە لە بەهەشت
لە زەنـــوێـــرو و ئاقـــاران
دەژیم لە بن پەســـــاران
لەو چل بۆ ئەو چــل دەفرٍم
شـــــــادمانم هەتا دەمـرم
لە هــامۆن و لەچیـــایان
لەگەردش لە بەرٍیـایـــان
لە هەرکـویَ دلْم لـێی بیَ
دەبیَ لانـــەم لــەویَ بیَ
سالیَ چەندهێلکە دەکەم

بیچوی خۆمڵێ سازدەکەم
هەر چەندە بچکـــــۆلەمە
بەلام زۆر دڵ گـــــەورەمە
*

# کۆتر

من کـــۆترم زۆر جوانم
پەروەردەی بەرزی ژیانم
هێمای ئاشـتی خـوازیمە



من بـەو نـــاوەم ڕازیمە
دۆستی دلســـۆز و پاکم
بۆ کەس و کـــارو خـاکم
پـەیـــامی من ڕاســـتیە
دوور لە ژیانی پەســـــتیە
لە سەر بانان دەخـــوێنم
ئـاوازی شـــادی دێنـــم
گمـەم ئاشـــتی ژیـــانە
دوور لەشــــەڕ و گریانە
لەگەرمین ولە کوێستانان

**تەقلەبازم لە ئاســـمان**
**دەخوێنم بە ســـەربەرزی**
**تــا ژین مـــــابێ لەئەرزی**
**هەرگیز سەرشۆڕی ناکەم**
**خـــیانەت لە خۆیی ناکەم**
*

# کەو

**من کەوی دنوک ســــــورم**
**لە چیاو قـــــەدپاڵی دوورم**



**ئـازارم نیــــە بۆ کــەس**
**هـتـاهـــەمبێـتن نەفەس**
**دەفڕم لەم دۆل بۆئەو دۆل**
**هێلکـەدەکەم لە چیاوچۆل**
**بیچـــــووم ناوی باڕە کەو**
**وێکڕان دەژین ڕۆژو شەو**
**چـەبەندبم چە ئازاد بم**
**لەقاسـپەم وەڕس نابم**
**ئاوازم قاسپەی شـیرین**

له كۆســـارانی دیـــرین
ســەدام بۆ بەرزی ژیـانه
نـەک بـۆ ڕاوی یـــارانه
ڕاوم مەکەن له کێـــوان
مەمخــەنه بەنـــد و داوان
من دەمــەوێ ڕەهــــابم
دوور لەزوڵم وگریان بــم
ئـــاوازم مەخـــــنکیـــنن
سەربەستبژیم مەمرێنن
با قاسپـــەم بێ له یالان
مەمخەنه بـەندو چـالان
من بـۆ بەرزی دەخوێنم
سەر شـۆڕی نـادوێنـــم
بەلام مـرۆ بـــەدكـــار ن
دەلێن کـەو دژ بـــە یـارن
بوختانەوا پێـــم دەکـەن
کەو ڕاوی خۆیان ناکـەن
ســــــروشتیه ئـــــاوازم
بە سرودی خۆم دەنـازم
قـــاســـپەم بۆ ئازادیـــە
بەندبوونم بێ دادیــــــــە

تەنیــا مـرۆیــە کـــــەوا
داو دادەنــی بـــی پـــەروا
توخوا زولمم لــێ مـەکەن
وا نــاوم بـەدنــاو مەکەن
لێم گەڕین ڕاوم مەکـەن
لە لانــــەم دەرم مـەکەن
یارانی خۆم خـۆش دەوێ
گرفـتاریم قـــــەت ناوێ
بوخـــتانانم پێ مەکـــەن
بۆچ ناوی من بەد دەکـەن
پێم خۆشـــە ئازاد بژیـــم
لە بەندو قــەفەس نەژیـم
لە هــــەرکوێ کە بخوێنم
بـــەرزی ژیـــان دەبێنم
یارانی خۆم خـۆش دەوێ
داوم بۆ کـەسـێ نـــاوێ
زۆر داری نـــــاڕەوایـــە
دژ بە ویســـــتی خـودایە
ڕەبی خوایە هەرکەســێ
زوڵم دەکـا نەحــەســێ
*

# مەیمون

من مەیمونم هوشـــــــیارم
هەر لە نـــــــاو دارو بـارم



لە ســـەر دو پێیان دەڕۆم
میوەجـــاتی زۆر دەخـــۆم
موی من دریـــــژ و بڵاوە
جەستەم بەموو پۆشـــراوە
لە جەنگـــــــەڵ و بیابان
دەژیم من لەگەل دۆســتان
مەیـــمونم منـــاڵم هەیە
بە شـــــیری من گەورەیە
خۆشـــم دەوێ مناڵی خۆم
شـــادن لە باوەشـــی خۆم
من جەنگەڵم خۆش دەوی

بەنـدو زینــــــدانم نـاوێ
ژینم ئـــــــــازادو ڕەندبێ
لەدەشـــــــت وچیاودەربێ
ئێمــــــە دەژین بە کۆمـەڵ
لە بنــارو چـــیاو جەنگەڵ
مەیمون پێکەوە شــــادن
کە لە کــــێوان ئــــازادن
*

## کەرە کێوی

من کــەرێکی کیــویــمە
سپی و ڕەش و قـــەویمە




هەموو بیابان و دەشـــــت
بۆمن خۆشەوەک بەهەشت
ترســـم هــەیە لـە ڕاوکەر
لە پڵنگ و شــیری بەدفەر
ئێمە کــــورتە تەمەنمان
چەند ســـالێکە ژیانمـان
بە شیری مەمکی خۆمان
گەورەدەکەین جاشکمان
لەسـەرچوارپێیان دەڕۆین
گیاو گول و لەوەڕ دەخۆین
لـــەم چـــۆل و بیــابانە

ژینمان شـــــادو خەندانە
ڕاو دەکـرێین وڕا دەکــەین
زەرەر بـــــەکـەسێ نادەین
گوێ درێـژین دەزەڕێنـــین
کەرین هـەرواش دەنوێنین
*

## کەنگەرۆ

من نـاوم کەنگـــەڕۆیـە
لە من جـــوانتر درۆیـە



کلک دریژو بـەنـــــازم
ئـــــاژهڵی تــەژی رازم
زگم وەک بۆخچـــەی ماله
جیگـــەی ســـاواو منداله
شـــیردەری زارۆکی خۆم
هەلیان دەگرمبەزگی خۆم
لـە ڕاکـردن خــۆش ڕۆمه
ژینم لەدەشـــــت و چـۆمه

لەومەزراوســـــەوزەزارە
پـــازم هـــەزار هەزارە
خـیرام لـــــە ڕۆیشـــتنا
شاد دەژیـــم تا مـــردنا
ئاســــــودەو زۆر دلنـــیام
لە هامۆن ودۆڵ و لە چیام
ئازادی خۆم خۆش دەوێ
ژێر دەســـتی بوونم ناوێ
لەم دەشت و چەمەنزارە
لێم گەڕێن هەر بەهـــارە
*

# ورچ

**من ورچی تـــــەن و مەندم**
**لە کیـــوان و دەربـــەنـدم**




**من شادم لە کۆســــــاران**
**کە دێ وەرزی بەهـــــاران**
**هەنگوینی شـیرین دەخـــۆم**
**بەدەســـت دێنم ژینی خۆم**
**کەبەفر هات زســــــتانان**
**دەژیم لە کـــون و بن بانــان**

له کیوی قـــــەندیل شـــادم
دوور نـــەیاربم ئـــــازادم
من دەزێم ســـــاڵی یەکجار
بیچـــوو دینـــم له بەهـــار
لەمەمکی من شـــیردەخـۆن
تاگـــــــەورەدەبن ودەڕۆن
من ورچــــــم زۆر وریامـە
ئەوەی دۆســــــــته برامه
هەر گیز من شەر فرۆش نیم
لێمگەڕێن دوژمن کەس نیم
له چۆل و چیــــاو هـەردان
دەژیم دژ به نامــــــەردان
*

# بزن

ئـەمن بـــزنــە کەویـمە
هـەرچــی درۆ بـــی نیمە
هــــەرچی هەمــــە دیارە
ژینم لە دێ و لە شــــارە
بەلــــەک و ڕەش وزەردم
قۆچـــــدارو کـەوی هەردم



شــــاخــــــەوانێکی ئازام
لە دەشـــــت و لەچیاڕازام
کاریلـــەی جـــوانم هـەنە
سپی وڕەش وڕەنگ خەنە
موی من گەلێ سودمەندە

شیرم وەک شەکرو قەندە
لە پـــاوان و لــەوەڕگــــــە
دەلەوڕێم لە کێلگـــــــــە
ماست و پەنیر دەســــازم
بە شـیری خۆم دەنـــازم
هــەڤـــالم هـــەنە کێوی
لــە چــــیایان و لە نەوی
من ئـاژەلێکی وشــــــتم
لە شـــار و گوندو دەشتم
باکــم نـــیە لە کیـــوان
لە دۆل و چــــیاو پاوان
بێچـــــوم کاریلەی ناوە
هاوسـەرم نێری پیـــاوە
*

# مانگـــــا

من چێڵێکی چـــــەلــەنگم
سپی و ســور و ڕەنگ ڕەنگم



هاوســــــــــەرم ناوی گایە
لەجوت کــــــــــردن ئازایە
لـە بـــــەرزایی و لە نـــــەوی
خـەرمـــان کـــوتە سمی وی
پـڕ لـــە ســـودە پیستـــی من
دەخورێ شــــیر و ماست من
لە پاوان و مــــــەزرایـــــان
لەوەڕ دەخـــۆم لـــە گیـــایان
گاوانی ئــــــــازاو نەبەرد
دەمـــــان باتە شـــــۆو وەرد
هاوســەری من پـــــڕ بــــەرە
نـاوی گایەو کار گـــــــــەرە

بەرهەممان دەها جـــــۆرە
ســــــودی ئیمە زۆر زۆرە
شـــــیرو ماست و پەنیرمان
دەخورێ کـــەرەو سەرتومان
بەچـــەم نـاوی گـۆلکـە
گۆشـتمان دەخورێ و ناسـکە
لە گــــــاڕان لەلای گاوان
دەمێنین تاکـــو شـــــەوان
لە دەشـــت و چۆل و چـــیا
دەچـنین بۆژینـــــمان گیا
بە بۆعـە بۆع ئـــــــیواران
دێینەوە گوندو شــــــاران
کابان دەمـــان دۆشـــــێتن
شـــیر لە گوانمان دەردێتن
گۆســـالەمان شــیر خۆرن
وەک خۆمـــانن ڕەنگ جۆرن
دلمان شـــــاد دەبێ کەوا
شـــــیرمان بە فیرۆ نەڕوا
دەلێن گـا و چێل نـــەزانـن
بـەڵام هێشـــتا هەر جوانن
*

# کەر

من کـەرێکی بــاربەرم
ئاژەلم و بـۆ خۆم کەرم
وینـەمە بــــــۆ نەزانی




کێ بــێ ناوم نــــەزانی
کە نەقــیزەم لــێ دەدەن
سواران غارم پی دەدەن
دەم بەن بۆگوندوشاران
شــــادیشـم لە بەهاران
زەڕەزەڕە دەنـگی مـــــن
زۆرناخۆشــە عەڕەی من
دەلێـن کـەوا نــــەزانم
نەفــام و بــێ گـریانم

واتێ مەگـەن کەوا من
زۆر نـــەزان و گێژم من
سـەیرم بەم جیهانە دێ
بۆیە بە کـــەر نـاوام دێ
لەهەرجێگا بێ شـــوێنم
جاشک وەدونـیـا دێنـم
ئاژەلێـکی بـــــێ زەڕم
شـادم کەوا مـن کەرم
پێکەنینـم قـــەت نایێ
بارگوێـزم خڕەی نـایێ
باکم نـــیە لەم ژیــانە
شـــــــادیە یـا گریانە
گالتەم دێ بەزۆر کەسێ
لەکەر ناگــــاو ناحەسێ
من قەتیش لێم ناگـۆڕێ
بۆیە سـەگ پێم ناوەڕێ
زەڕەم دەنگی شــــادیە
هــــەردەم دژ بێ دادیە
کە وێنـــــەم بۆ نەزانی
نەزانیە نـــــــــــازانی
*

# ئەسپ

من ئەســـــپم زۆر نەجیبم
بــە هــیزم و زۆر حــەبیبم



له مــەیـــدانی ســواران
خــۆش بەزم له غارغاران
حیلەم وەکوو شــــەیپورە
ســیمام جوان و پڕ نــوورە
هەرکێ ســـوارپشــتم بێ
دلشــادەو خــەندان دەبــێ
بنــوارە مـــــووی یالی من
چەندجوانه ســـیمایی من
که زین و لغــاو دەکــرێم
دیارە کەمن ئەسپە شـێم

به هـــــــیزو گورِو توانام
یاری دۆســتانی زانـــــام
له دەشــت و چۆل و چـیا
بێ باکـم من  له بـەرِیـــا
شادم له کۆرِی ســــواران
له ئـــــاقـــار و بـــەیـاران
ئـــــاژەلێکی نەجــــیبم
لای هەمـــوان من حەبیبم
*

# مەڕ

من مەڕم زۆر سود مەندم
خاوەن خوری وەک قەندم
پێستم لەدەبا خـــــانە
بەنرخـــە لــەم ژیـــانە



بەرخۆلەی خوێن شـیرینم
خۆشـــــەویستر لە ژینم
بەرخۆلەشـــــــیرم دەخۆن
هـــەتا بچـــوکن و دەڕۆن
من لە گەل ڕانــــا دەژیم
بی شـــــوان و بێری ناژیم
ڕۆن وماســــت و پەنیرم
چێ دەبێ لە ناو شــــیرم
گۆشتیشم گەلی خۆشـــە
بۆگشت دەرمان ونۆشـــە

لەقاڕەو باعەی بەهـــــار
شادن بەمن دۆست ویـار
کویستانوگەرمین دەکەم
ڕۆن و پەنیر چی دەکـــەم
ئاژەلێــکی پڕ ســـــــودم
لە سەرخۆو جوان ومەندم

*

# بزنەکێوی

**من ئـــاژەلم کێـــــویمە**
**لەچیــــاو لوتلەو نزمیمە**



**بەبـــێ زەڕ و بێ هەرام**
**ئاژەلێکی زۆر وریــــــام**
**بێچووم جوان وقەشەنگە**
**تا بلێی شـــۆخ وشـــەنگە**
**لە ڕێ دەرۆم هوشـــــیارم**
**خـــافل نـــیم لـــە نەیارم**
**نەوەکـــــــو ڕاوم بکـەن**
**گیانم لە جەســـتەدەرکەن**
**شــــــەوان بەرەو ئاسمان**
**دەڕوانمە ئەســـــــــتیران**
**چیاو و مێرگ وســـــەران**

دەکەم بــە لانەی ژیـــان
خاوەن قۆچ و بــە نـــازم
پەری ئـــــاســـاپڕ ڕازم
من دەژیم زۆر بە شــادی
هەرگیز ناکەم بێـــــدادی
*

# مشک

من میشــکێکی بچکۆڵەم
نەیاری گشت پشـــیلەم
من کەپشــــە دەبیــنم
لــەوناوە قـەت نامێــــنم
تیــژن ددانــەکـــانم
ورد دەکەم دانەی ژیـــانم
فـەرش وجاجـم و لبـــاد
کونیان دەکەم زۆربـــەرباد
بێچـــوم هەردەم زۆردەبێ
لەکونی لانەی خــۆم دەبێ
وریامە من زۆر لە بـــــاز
ڕاوم نـەکا لـــە هــەوراز
لە لانەم دوور ناکــــەوم
هـەتا بەر شــەق نەکەوم
ئەمـــن دوژمنــــم زۆرە
پشــیلەو هــەلــۆ بـۆرە
وریامە کە ڕاو نەکـــرێم
تالە لانەم من نەخورێم
مشــــــکی هەمانە دڕم
ئەم ماڵ وئەو ماڵ دەبڕم

# بەرخۆلە

من بەرخـۆلەی ناو کۆزم
ژیکـەلـەو ژیـرو قــۆزم
سـاوایەکی شــیرخۆرم



شیر لە گوانان دەجۆڕم
چاوەڕوانم ئێـــــــواران
هەمــوو وەرزی بەهـاران
تێر بم لە شـیری دایکم
زۆرشـادو ژین بێبـاکم
لە قەرسیل و لە زەنوێـر
من دەچنم گوڵــە شــلێر
بەدلێکی شــادوخــەندان
لەدەشـــتان ودەربەنــدان
هەلبەزهەلبـەز ڕادەکــەم

دڵی یــاران شـــاددەکەم
زۆزانمــان لــە قەنـدیلـە
کوێسـتانمان پڕ قەرسیلە
بەهــارێکی تر کـــــەدێ
کاوڕە مەڕین لە نــاو دێ
*

# وشتر

من وشـــتری پی پـــانم
بڵنـــدە قـــەد و شـــانم
شـــیرم بە تام و بـــۆیە



دەخـــــورێ کە نیوەڕۆیە
شـــیرم دەخـــۆن بەیانان
لە چۆلان ولە دەشـــــتان
سەیرم کەن چۆن ڕسکاوم
لە قـورئان هاتوە نـــاوم
لە تۆز و بـــــای بیـــابان
ون ناکەم ڕیگـــەو بـــانان
پسپۆرێکی شـــــارەزام
لچ شـــۆڕو زۆربـێ ڕەزام
ئەســـتۆم تا بلێی دریژە
ســەرپشــتم کۆم و لـێژە

من بـــار بەریکی چـاکم
لەڕێگـەی دووربێ بـاکم
بە لاقی دریـــژ و قـــەوی
دەڕۆم لە بلنـــــدو نـەوی
من کەشــــــتی بـیابانم
چاک دەرۆم لەرێ و بانم
گـەردەلوولی بیــــــابان
ناگۆڕێ لێــــم ڕێگەو بان
ئاولە گـەدەم هەلدەگـرم
ئاویش نەبێ رێ دەبــڕم
*

# تووتی

من تووتیمـــــە ڕەنگیـــــنم
خۆ لــــــە بەرزی دەبیـــنم



زمـــان لووســـــم بۆ گوفتار
قسەم پی دەکەن زۆرجـــار
لە بلنــــــدایی درەخـــتان
شـــــادم دوورلەبەدبەختان
تەمـەن درێـژ و بە نـــازم
شـــەو دەنـــووم ڕۆژ ڕانازم
توخوا مەمخەرە قـــەفەس
قەتبەندمەکەتۆهیچ کەس
من پیم خۆشـــە ئـــازادبم

لە گـولزاران ڕەهـــــــابم
قەت زۆری لەکەس مەکەن
سـەربەستی زەوت مەکەن
هەرکێ کـەوا زۆر داربـــێ
هەرگیز ئاســـــــودە نابێ
من بالنــــدەی پەیڤ زانم
یـــاد دەگـــــرم و دەزانم
پەیڤی چاکە فێـــــر دەبم
لە یـــاران دڵگیـــــر نابم
لە هەر کوێ لە قەفەس بم
چاو لە ئـــــــازادی دەبم
قەت مەمخەنە بەنـد و داو
با نەم بێ روندک لە چـاو
*

# بولبول

من بـلبولم خنجیلـــــــەم
ئیسک ســوک و وردیلەم



کـــــارم ئەویــنی گوڵە
ژینم هـــەر لە ســەر چڵە
لە زەنـــوێر و گـــولزاردا
دەژیم لە شـــوێنی شاددا
دەفڕم لەم چڵ بۆئەو چـڵ
لە کۆســـــارو لوتکە و مل
کوێ بۆنی گــــوڵی لێبێ
ئەوینــــــم لەوێ دەبـــێ

چـــاوەڕوانم ڕۆژ و شـــەو
ناگەمە ئـــــاوات بە خـــەو
دڵم پـــڕ لە شــــــــادیە
هیــــــوای من ئـــازادیە
بگەم بە ئـــارەزووی خـۆم
بە یـــارو ئەوینی خـــــۆم
دەنگم پڕ لە خرۆشــــــــە
نەزیک گوڵ بم دڵخۆشـــە
وینـــــــــەمە بۆ جـوانی
بۆ ئەشـــق و و کامەرانی
دەخوێنـــــم ئەوین دارم
ئەشـــقی گوڵ و گوڵزارم
*

# هەلۆ

من هـــــەلۆمە هـــەر بڵندم
لە کێو و دۆنـــــــدی هەردم



کۆســــــارو لوتکەی بەرز
لانەمە لە ســـــــەر ئەرز
تیــــژە تا بلێی چـــــاوم
لە دوور دەبیـــــــنم ڕاوم
نیچیر دەگرم بە چـڕنووک
چەگەورە بیت وچ چـووک
لە کوێســــتان و گەرمیـان
دەژیم هەروەکوشــــایان
پەرواز بە پـــەرواز دەڕۆم


بەرهەمی هــەوڵم دەخۆم
لە دەشت و چیــا دەفڕم
هەر بەسەربەرزی دەمرم
گۆشتی مرداربوو ناخـۆم
ڕاودەکەم بەهێزی خـۆم
هەتا هــــەم بەرزە فڕم
ســــرودی نزمی ناچڕم
لانەم لە بەرزی کـــێوە
جێگەم دوند و نشـــێوە
لە ئاسمان و ســەرزەوی
بلنـــد دەژیم نەک نەوی
سەر شۆڕی نادوێنــــم
هەلۆمەو خۆم شـــاهێنم
نەفرین دەکەم لەپەستی
دەژیم من بە سەربەستی
قەت ڕوو لە کەلاک ناکەم
ســـەربەرزانە ڕاو دەکەم
بەرزە فڕم لە چـیاو چـۆڵ
لەترۆپکان ودەشت ودۆڵ
ســـیمام ڕەمزی یەرزیە
نـــاوم جێی شـــانازیە

وێنـــــــەم بۆ ئازایــەتی
بۆ مەردی و بۆ پــیاوەتی
من کە هەلۆم دڵشـــــادم
پڕ ئـــــــــاوات و ئازادم

*

# کەلەشێر

کەلە شـــــیرم دەخـوێنم
بانگ ئەدەم شـــادی دێنم
مریشــــکم وا هاوســــەرە
وێکڕا دەژین لەوســــەرە



لەگـەل ســــروەی بەیانی
بانگ ئەدەم بە شـــادمانی
لە دێهات و لە شــــاران
دیارم لە ســـەروی داران
هاوســـەرم هیلکـە دەکا
جوجەی خۆی گەورەدەکا
گۆشتم بەتام وخۆشـــــە
کەدەخۆن دەڵێن نۆشـــــە

پەڕیشم ســــــودی هــەیە
هاوســــــــەرم بە هێـلکەیە
من کەلەشــــیری شـــــادم
دەخــــــــوێنم و ئــازادم
دژمن مامە ڕێویــــــــــمە
دژ بە یـــــــــــارانم نیمە
لانەو خۆیـــــم خۆس دێوێ
شــــــەری مام ڕێویم ناوێ
*

# مریشک

من مریشـــــکم کورکنــــم
شــــــاد و جـــوان وخرپنم



هێلکە دەکەم بەســــــەدان
لە قـــــوژبن و لـــە کادان
هەرکـــاتی کەکـــورک بم
دایکی زۆرجووجــــــەدەبم
هاوســــەرم کەلەشــــێرە
بانگ دان بەوی بســـپێرە
ئێمە وێکڕاین هەمیشــــــە
لە گوندو شـــارو بیشـــــە
شـــادان و خەندان دەژین
لە رێگەی ژیـــان دەمرین
هێلکەم دەخـــــۆن بەڕونی

**لە گشت کـــــات و بەیانی**

**گۆشـــــــتم تا بلێی بە تامە**

**بۆ گشـــت کەســێ مەرامە**

**من مریشـــــکی کەویمــە**

**لە گـــوندم نەک کێـویمــە**


**زۆرمان لەجەنگـــەل دەژین**

**کێوینــــــــەو لە دێ ناژین**

*

# حاجی لەک لەک

من لـەق لــــقی مـارخۆرم
ڕەش و سـپیی و ســــۆرم



پێـــیەکـانم دریـــــــژە
حـاجیمـــــە زۆر لە میـژە
خۆ مـن نـەچویمە مەکـە
ناوم حاجی لـەک لەکــە
لە مـەزراوو زەلکـــــاوان
دەگرم مـــار لـە دەراوان
بۆ چۆل و دێ و شــاران
سەفەر دەکەم بەهـــاران
لەســـەر تەپک و مـــنارە
لانـەم جـــوان دیـــارە
بێچوو هـەل دینـم لەوێ
هاوسەرم زۆرخۆش دەوێ

تەق تەق دەکەم بەدەنوک
بالنـدەمە و ڕەزا ســـوک
دەخوێنم من بـە شـــادی
خۆشـــم دەوێ ئـــازادی
هـــــەرکێ ئەزیەتم بـدا
لە ڕێـی خـــــووا لادەدا
لە گەرمین و لە کوێستان
دەژیم وەکو سەربەسـتان
کێ خالانەم خـاپوور بـکا
مالی خـــۆی وێران دەکا
*

# قەتێ

من قەتێم لە دەشـــتانم
لە زورگ و چـــیاو تەلانم
توکم جـــوان و نەخشینە
دەژیم لەم ســـەر زەمینە
من بالنـــدەی کـــێویمە
دوژمن بە کەســێ نیمـە
من و هاوســەرم وێکڕان
دەژین لەدەشت وبەڕیان
فەرەقەتێـــــم لە هێلکە
دەردێتن ڕاوم مـەکــــە
با  بە ئـــازادی بـــژیم
ژیردەست وکەساد ناژیم
لە دەشت و زرگ و تەلان
دەفـــڕم بۆ نوالـە و یـــالان
قەتێ یـەکی ڕەنگـــینم
پەڕ و بال زۆر نەخشـینم
ڕەنگێکی خاکیـــم هـەیە
زۆر شـــادم بەو ڕەنگەیە
دێنە دەشـــــتێ بۆ ڕاوم
زۆر جـــــار گرفتی داوم

دەمگرن نا دڵـــــــۆڤان
دەمخەنە بەنـــد و داوان
ئای‌کە بەندی زۆر سەختە
کێ توش بکەن بەدبەختە
لێم گـەڕێن با لانەی خۆم
بمێنـێ بۆ فەرخەی خـۆم
بفـرم من بە ئـــــــازادی
بەنـــد نەبم بۆ نـــامرادی
نەفرین لەبەندی وقەفەس
کە دەبـــڕێتن لێم نەفـەس
*

## بۆق

من بۆقم زۆر جوانم
لە مەزراو ناو ئاوانم
سەدامەدێ لەڕێی شادی



من نامەوی بــێ دادی
لەناوگـــــۆم و دەراوان
لە کانی و لە دەم ئاوان
سەوزەم دیارە کەسکە
هـــەروەکو دارە پەلکـە
شــەوان ئاواز دەخوینم
ئەو ناوە دەهـــەژینـم
دەڵێن ناخۆشـــەدەنگم
بەپێی ســروشتەڕەنگم
پازان داوێـــم و دەڕۆم
میشــولەکانیش دەخۆم

لە ناو ئاو مـــــەلەوانم
من‌لەنەوەی بۆقـــــانم
شـادم من لەزەلکاوان
لە چـــۆمان و بەراوان
من‌بۆقم ناوم دیـــــارە
ئەم زەمینەم هـــەوارە
ســـەربەرزم‌کە ئازادبم
دورەدەسـتی زۆرداربم
دەخوێنـم واق واقیـمە
کەدەنگم دێ‌شـــادیمە
*

# كاريلە

من كاريلـەی ژيكـەلەم
هەڤالی گشت بەرخۆلەم
دايكـم بـزنە مـــەرەزە
ســـيمای تا بلێی تەرزە
شــــاخاويەكی بەكـارە
باوكيشم قــۆچی ديـارە
دايكـم هـــەردەم لەلامە
شــــادی ئەوم مەرامـە
باوكیخۆشم خۆش دەوێ
دايكيشـــــم ئەوی دەوێ
ئـاوازی شــــيرنی دايكم
كـە دێ بـێ ترس و باكم
دايكم دەڕوا بۆ كوێســتان
شير پڕ دەكا لە پســـتان
هەركاتێ كـەوا تێـر بووم
باز بـازێنە هـات و چـووم
كاريلەمە و شــــــادمانم
كە لە كۆز ، لای شـــوانم
قەت سـەرەڕۆيی نـــاكەم
بچكۆلەشـم و فام دەكەم

**لە قەرسیل و لە کوێستان**

**دەژیم وەکو سـەربەستان**

**قـارەم ئـاوازی ژیـانە**

**کە بژیم لەم کوردسـتانە**

*

# ژووژک

من ژووژکم لە ژیـــــانم
پشـــت پڕ دڕکی دەورانم
من لە دەشـــت و چۆلیمە
بــۆ خـۆم وەکـو وەلیمـە
کە دوژمن بیتە ســـــەرم
خـاوەن تیغ و خەنجەرم
لە دەشـــــــت و بیـابانم
لە گەرمێن و کوێسـتانم
من دەژیم تـرســـم نیە
کارم بە هیچ کەس نیـە
دەخولێمـــەوە لە دەشـتێ
ســـەدان تیغم لە پشـتێ
کێ هێـرشـــــم بۆ بێنێ
بـەبێ تـــــوانـا دەمـینێ
بەبەشـم جوانە وەک خۆم
نەم دیوە جـوانتر لە خۆم
ئەمە بەشی ســـــروشتە
ژینمان لە چۆل و دەشتە
*

# سمۆرە

من ســـــمۆرەم پڕ کارم
ئاشـــــــــقی دارو بـارم
لە ســـەر دارگوێز و چـنار
سەردەکەوم و دچمە خوار
لە گەرمێن و لە کوێستان
دەژیم وەکو ســەربەستان
پیستم گەلێ بە ســـودە
هەرچەندەجەستەم وردە
لە بـــەرزایی درەخـــتان
من دوورم لەژێردەستان
زیرەک و وریـــا و زیتـم
هەمیشـــــــە کلک قیـتم
من بێچـووم گـەلی جوانە
خۆشم دەوێـــن لەم ژیانە
ئەوانیش کە گـــەورە بن
سمـــۆرەی وریـــا دەبن
لە جەنگەل و سـەرداران
شادم لەگەل‌گشت یاران
یارانی خۆم خۆش دەوێ

دوژمن بەدن و نامــەوێ
سەرم بەرزەلە دۆنــدان
دەژیـم ئـارام و خەندان
*

# کیسەل

من کیســـەڵم لە دەشتێم
کەپکە شاخێکلە گشتێم
بە نـــاز و هـیواش دەڕۆم
لەمەزرا خـواردن دەخـۆم
پشترەق وتەمەن درێـژم
وامـەزانن مـــن گیـــژم
هەرسال من هێلکەدەکەم
چەند بێچو پەیدا دەکـەم
دەژیم لە دەشت و دەریـا
لە ئاوایی و لـــە بـــــەڕیا
هەرگیز بـــێ دادی ناکەم
هیرش بۆ کەسێ نابـەم
باکم نیـە لـــە دوژمـــن
زۆر بەهـیزە پشـــتی من
تەبام لە گـــەل هەڤالان
لە هەموو وەرزی سـالان
دەخولێمەوە لەو دەشـتە
لە هەر کوێ بم بە هەشتە
زیــانم بـــۆ کەس نـــیە
ئـاواتی من شـــــــادیە

قەت دوژمن بەخۆیی نیم
وەکزۆرمرۆڤانپەست نیم
*

# مــار

من ماری دەشــت و کێوم
دیارە ڕەنـگ و نێــــــوم
ژەهـرم بۆ پێــــــوەدانە



بۆ بەرگــــــــری خۆمانە
بـۆ خۆم کێـویم و ئــاویم
لە دەشــت و چیاو بادیم
دەست لە کونم ڕا مەکـەن
لێمگەڕێن  تووڕەم مەکەن
لەبن زنـار و ســـــەرداران
ڕاودەکـەم تەیـر و تـواران
بەژن و بـالام شـــــلکە
پێستم جوانە و بــەکەلکە
ڕەش و بـــۆرو زۆر ڕەنگم
لە ڕۆیین زۆر چــەلـەنـگم
من قــاچ و پاشـــــم نیە
کە دەشـرۆم عــەیبـم نیە

بۆ بێچـــوو هێلکە دەکـەم
تولە مـــار پەیــدا دەکەم
ئـــــەوانیش گـەورە دەبن
وەک من مــاری ژار دەبن
لە نـــــاو کـون و لە دەریا
دەژیم لە چــۆل و بەڕیــا
*

# جوجەلە

من جوجـەلەی قەشەنگم
دوور لە خراپـەو جـەنگم




هیــوام زۆرە بـــــۆ ژیان
نەکەومەدەســـــت ڕاوچیان
لەگەل دایک وکەسی خۆم
دلسـۆزم بۆ ژیـانی خــۆم
منیش کـــــەوا گەورە بم
وەکــو دایـک و بــاودەبم
قەت لـە خــۆما نـــاگۆڕم
بە سەربەرزی ژین دەمرم
هەموو منیان خۆش دەوێ
کەس مەرگی منی نـــاوێ
وریــا دەبم هەمیشـــــــە
چاو لە ڕێویم لە بێـــــشە
چاکـەم پیشــــەی ژیانە

دڵشــــــاد و کامەرانە
دوژمــنان چاک دەناسـم
قەت بە دۆستیان ناناسم
دلســـۆزی دەورو بـەرم
دۆست دەنیمەسەرسەرم
بەقســـەی‌یارانم دەکەم
نەفرین لەفێڵباز دەکــەم
کۆریتی‌خـۆم خۆش دەوێ
شـــــادم کە دەژیم لەوێ
لەخۆیی خـــیانەت ناکەم
لەدوژمن نەفـرەت دەکەم

# گورگ

من گورگی دەشــت وکیوم
دیــارە ڕەنگ و نێـــــوم
وریـــــــاو ئازاو چاپـوکم
تــیژە گەزەو چــڕنـووکم



گەر برسی بـووم ڕاو دەکەم
ژینی خـــۆم دابین دەکەم
کاوڕە مــەڕو بەرخـــــۆلە
دەترسن لێــــــم لـەوچۆلە
گەر ســـەگ ئەمن نەبــینێ
ڕاوم لـە کیس دەمیـــــنێ
کاری ســــــــروشـتە کەوا
من ڕاو دەکەم بـێ پــــەروا
بــژیــــوی من لـــە ڕاوە
بەشـــــــم وا پــێ بڕاوە

پێـــم دەلێـــن دڕندەمـە
هەرچـــەند کارم بۆ جەمە
لورەم کـەدێ لە کێـــــوان
دەترسـی لێم مـامە شوان
کســــــۆکم تێ بەردەدەن
تا کــاوڕە مـەڕی نــەدەن
من گـورگم و کێـــــویـمە
گورگم بـــــۆیە ڕام نیــمە
سەگ و ئێمە یەک ڕەگیـن
داخەکـــەم دوژمن یەکین
*

# رێـــوی

## مامە ڕیویم فیلبــازم



بە فێلی خۆم دەنـــازم
پەڕەوران ڕاو دەکـــەم
ژینی خۆ دابین دەکەم
من بالندەمخۆشدەوێ
ڕاویان دەکەم لەخەوێ
بالنـــدەم لەلا ڕەنـــدە
گۆشتیانهەروەکوقەندە
شەوان من دەچمەڕاوێ
مریشک دەخەمـە داوێ
گـەربرسی بمڕاودەکەم
کەلەشیر پەیدا دەکـەم

مامە ڕیوییـە نـــــــاوم
فێڵبـــازێکی بە نـــاوم
من کەم لە داوگیردەخۆم
من ژیرمووەک باوکیخۆم
یـــــارانی خۆمـــم دەویّ
دوژمن بە خـــۆمم نـــاویّ
دەمینێم چوست و چالاک
فێلبازملەسەرڕووی خاک
*

# پەرە سێلکە

پەڕەسـێلکەم سـەربەرزم
دەژیم لە خـاک و ئـەرزم
لانەی خۆمم خـۆش دەوێ
هەرگیـز زۆرداریـم نـاوێ
دەخوێنـــم بـۆ ئـازادی
دووربم من لـە نـامـرادی
گەرمین و کوێستان دەکەم
لانەی خـۆم لێ سا دەکەم
هێلکە دەکـەم لە لانـەم
چەند جـوجە پەیـدا دەکەم
ئاوازم ســرودی ژینە
بژیم ئـازاد لەم ژینە
سـەربەرزی ژیـانم دەدوێ
بۆ ژیان مـردنم دەوێ
تـوکم ڕەش و سـپی یە
هیـچ تەیری وەک من نیـە
سـرودم کە هـات بەهـارە
ژینم لە گونـدو شـارە
نامەوێ چەوسـاوە بم
دیلـی دەسـتی زۆرداربـم

کێ لانەم خـــاپـــور بکات
گڕ لەمـــاڵی بــــەردەدات
منمەلێکی پیــــــــرۆزم
گشت خۆشیان دەیٚ هۆزم
لانەم لەنــــــــاو ماڵانە
لەناو گوندو شــــــارانە
سەر بەرزم بەبوونی خـۆم
دڵســـــۆزم بۆ یاری خۆم
*

# قازو قورینگ

قـــــازو قورینگ و مراوی
هەرسـێکمان تەیری ئاوی
لە گەرمیـن و لە کوێستان
دەژین وەکو سـەربەستان
پیش وەرزی زستان کەدێ
لە ئاسمانان دەنگـمان دێ
دەڕۆیـن بـۆ لای گەرمینێ
کە زۆزان بەفـــــر دینـێ
واری خۆمـان خۆش دەوێ
هـــەواری نوێــمان دەوێ
ڕیز دەبین کەکۆچ دەکەین
سەرلەئاسمان‌دەردەخەین
دەلــێین بــــژی ئـــازادی
بمری ژیـانی بێـــــــدادی
دوژمـــــن بە زۆردارانـــین
یاری دوســـت و یـــارانین
ڕەببی خـــوایە هەرکەسێ
خـراپە بکات نـەحەســێ
ئێمـە مەلین بێ ئـــــــازار

شادین لەگەلدۆســـتویار
لانەی خۆمان خۆش دەویَ
کینەو پەســــــتیمان نـاویَ
لە گەڵ هاو ڕەنگی خۆمان
دفڕین لە بەرزی و چۆمان
*

# هەنگ

من هەنگم زۆر شـــــیرینم
ئـاوازی شـــــــادی ژینم
بەرهەمی من شـــــــیرینە
بۆ خۆی ناوی هەنگـــوینە
پـەرواز دەکەم بۆ باخـــان
لە دەشــت ودۆل و شاخان
دەمژم چی شـــیرەی گولە
مشـــــــتنی گـول بۆ دلە
لە زۆزان و گـــــەرمیـــان
خۆشـــم دەوێ من ژیـان
زارم پڕی هەنگـــــــوینە
بەرهەمم بۆ گشـــــت ژینە
کـارم لە ناو شـــــــانەیە
هەنگوینم لە خـــــــانەیە
ئێمەش بە کۆمەل دەژیـن
لـە ڕێی یەکترا دەمـــرین
هەرکێ کەوا هیرش کات
لانەمـان لێ خەراپ کات
هەموو بەرگـری دەکـەین
تا دوژمن لە نـــاو دەبەین

ئێمە گشت ئاشتی خوازین
هەرگیز شەڕان ناخوازین
بەهەنگـوینی زۆر شـیرین
بزەی ســـــەر لیوان دینین
میرمـان هـــــەیە لە شـانە
ئەومان خـــــاوەن فەرمانە
کە دەســــپیرێ پیمان کار
ئەنــجام دەدەین بۆ هەوار
یەکگرتن پیشـــــــــەمانە
یەک بوونما بە دل و گیـانە
ســـازش ناکەین بۆ نـــەیار
کە بێ خاپوورکات هـــەوار
بە دوژمنـــــمان وەدەدەین
بەرگـــــری لە خۆ دەکەین
لە ڕووی نەیــــار وریاینـە
دۆســـــــتی یارو چاکەینە
مێشهەنگوینی سەربەرزین
تا لە سەر خاک و ئەرزیـن
*

# عەلەشیش

عــەلەشیـــــشم باڵـندەم
لەم چــیایە و  دەربەندەم



ژینی شـادیم خۆش دەوێ
زۆرداریم  بۆ کەس  نـاوێ
دەژیم لە گونـدو شـــاران
لەجەنگەل و هــــــەواران
هێلکە دەکەم کـــورکەبم
خاوەن چـەند جـووجەبم
بەهار کە هــات ماندوومە
جووجەی هێلکە لەدوومـە
بێچوی خۆمم خۆش دەوێ
ژیــــی سەربەستیم دەوێ
دەلــێن کەوا من گێـــژم

پەڕم هەیەو مل درێـــــژم
باڵم هـەیە بۆ پـــــــەرواز
دەفڕم لە نشیو و هـەوراز
لەجەنگەل و دێ و لەشار
بـۆکەسی نیمە ئـــــازار
گۆشتم دەخورێ وبەتامە
لای مرۆڤ زۆر مـــەرامە
*

# خالخالۆکە

خاڵخــالۆکــە ماڵــی خــاڵم لە چــە لایــە
پیم نیشـان دە پشـوم لێرە لێ هـــەڕمایە
خالخـالۆکــە بریـــــامنیش وەکو تـۆبـام



باڵم هـەباو لە ئاســـــمانــان وا بفریــبام
دەشت وکێــووکۆسارانم گشت تەی کردبا
بە ئــازادی منیش لانـــەی خـۆم بدیبـا
قـەت نەمدیبا چەوساوەیی وشین و گریان
نەم زانیـبا چیە زام و ژان و بــــــریــان
بریا منیش وەک تۆ جـوان و شــیرین باما
وەک تۆ پاک و دل بێگـەردو ڕەهــــــا باما
خالخالۆکە تۆ نەشـــــمیلە و زۆر شــیرینی
تۆسەربەخۆی دوورژێر دەستەوژان وبرینی
هــەرکوێت بوێ بە دڵی خۆتا لێـــی ئازادی

پەروازدەکەی دەڕۆی هـەردەم بەدڵی شادی
دەپێم بڵێ مــــــاڵی خـــالەم لە کام لایە
ئێـــــرە بۆمن بێ ژیـــانەو گشـــت بەلایە
خالخـــالۆکەی هۆ نەشمیلەو ڕەنگاو ڕەنگم
دەتۆ وەرە ببە هـــــــاودەم بۆ دڵی تـەنگم
وا لە جەستەم گیانم دەردێ لە تاو دووری
هـــــەر لای خاڵە دڵی منە ئۆقرە دەگـری
خالخالۆکەی شــــار و گوندودەرو دەشتم
دەتـۆ وەرە بمــبەرەوە جێی بەهــەشتم
لێرە وەختە دڵ شـــەقار بم لە تـاو دووری
دەتۆ وەرە بم بەرەوە جێی ســــــەبووری
ئەگەر منیش وەک تۆی ئازیز هەلفڕی بام
ئای دلشـاد و بەبێ خەم وخەندان دەژیام
دەوەرە لام خالـخالــــۆکەی چیاو چۆڵم
بم بەرەوە مـاڵی خاڵەو دەشـــــت و دۆڵم
خالخـــالـــۆکە مـــالی خـالم لە کێـندەرە
دەپیم بڵێ تـــا جی بێلم ئـــەم هـەندەرە
تۆ دەزانی ماڵی خالەم چەند شــــیرینــە؟
تەنیا ئەوێ بۆم بەهەشـتەو چارەی برینە
من دەمەوی ئـــازاد بـژیم لە گەل خاڵەم
نەبینمەوە ئەم ژیـــــــانە تفت و تالـەم

منیش سـەربەست لەچیاودەشت و دەرم
دوور بمەوە لەم ژیانەی چەرمەســـــەرم
لە لانـەی خـۆم نەم ڕەتێنن دەرم نەکەن
سەربەخۆ بم  خزم وکەسم لیٚ ون نەکەن
خـاڵــخالۆکـە زۆر لە مــــێژە دەربەدەرم
دەبمبـەوە خــــاکی خاڵەی پڕ گەوهـــەرم
هەتا دەمرم لەویٚ کڕنووش بۆ خاکدەبەم
ئەم غوربەت و غـــەوارەییەم لە ناو دەبەم
*

# هێستر

من هیســـــترم بار بەرم
ئازامــەو ڕۆلـەی کـــــەرم
کێـو و دۆل و دەشت ودەر
دەبـــڕم بەبی دەردەســـەر
زۆر بە تـــــواناوو هێـزم
بۆ ســـواریش زۆر بەڕێزم
جوت دەکەم شۆوو وەردان
لە دەشـــت و چیاو هەردان
ئاژەلێـــکی کـــــــەویمە
چـــەموش و دێـــــزە نیمە
لە هــــــەوراز و نشـــیوان
دەڕۆم هــــــەر وەکو دیوان
شـــــــــاڕەزامــە لە ڕیگا
چالاکم کەس پێـم نــــاگا
وێنجەو گیاو جـۆ دەخـۆم
ڕەوهـــــانم و چاک دەڕۆم
ناوم نــــراوە هێـــــــستر
زۆر جوانتــــرم لە وشـــــتر
زوو زەویم پێ بســــــپێرە
بۆ کێلان دڵ وەک شـــــێرە

من بێ بەشـــــم لە زاو زێ
واتە هێســــــتر قەت نازێ
لەوەتـــی کەمن هـــــــەمە
بـــــێ زارۆک و فـەرخـەمە
لە شـــــــاخ و دۆڵ و چـیا
بێ ترســــــم لە ڕێ وبەڕیا
بار هـــــەلگرێکی چـــاکم
هەرچـــەند بـــڕۆم بێ باکم
*

# قەلە ڕەشە

من قەلە ڕەشـــــەم ناوە
تەمەن درژیم پی بـــڕاوە
دەفڕم لەو دۆل بۆ ئەودۆل
لەســـــەر دارو چیاو چۆل




هــــەرکێ کە دڵم لێی بێ
لانــەم لەوێنــــــدر دەبێ
ڕۆژگـاری زۆرم دیـــــوە
بەرزی و نزمیــــــم بڕیوە
لە ئاســــمان و لە هەردان
دەژیم لە شــــــۆو وەردان
کـام دار کە زۆر بڵــــــندە
لانەم لەوێنــــــدەر بەندە
دەقـــڕێنم لــەوهـەورازە
دەلێـــن دەنگم بێ نـــازە
لە مـــالی خـــۆم شادانم

دوور لە خـــــەم و گریانم
پێم دەلین قەلە ڕەشـــــــە
نیگبەتم و چارەم ڕەشـــــە
بـــــەلام وانیـــــە ئەمـە
دڵم دوور دوور ســـــتەمە
زەڕم بــۆ کەســـــــێ نیە
بەدکـــــاریم هــەرگیز نیە
*

# فیل

ئەز دەبێــژم من فیلم
بڕوانە شـــــان و پیلم
منیـش ئاژەڵـم دەژیم
بە جەستە زل و قەویم



من ئاژەلێـکی دیـــــــارم
لە چۆ ل و دەشت و شارم
جەستە گەورە و بە هێـــزم
زۆر ئـــارام و بەڕێـــــزم
دەڕەندەوگۆشت خۆر نیمـە
بکــــــوژو ڕاوچیش نیـمە
لوتم دریـژە و بە کــــــارە
نرخی حـــاجـــم هــەزارە
من خزمەت بەمرۆ دەکەم

درِنـــــــدەیی قەت نـاکەم
بێچووم وەک خـــۆم جوانە
باوەڕ ناکـەی بــــــــڕوانـە
ئێمەش بە کۆمەل دەژین
خۆخۆر نینیەکتر ناکوژین
تەواو

بەهیوام کە بەم زوانە بەشی دووەمیش تەواو بکەم و پێشکەش بە هەمـوو زارۆکێکی کوردی ئازیزی بکەم لە گەل خۆشەویستیمان دا بۆ هەموو زارۆکێکی کورد.

بەهاری 2001 بەرلین

## بەرهەمە چاپ کراوەکان

1- بیرەوەری وەفاتی بارزانی نەمر.
2- خوێنی خاک دیوانی شیعر.چەند دانەیەکی کەم چاپ کراو بەکەم و کوڕیەوە.
3- پێشمەرگەی ون دیوانی شیعر چەند دانەیەک چاپ کراو بە کەم و کوڕیەوە.
4- هەلەبجەی شەهید چەند نوسخەیەکی لێ چاپ کراوە.
5- دیوانی دەشتی بە شێ کردنەوە

## بەرهەمە چاپ نەکراوەکان

1- ئاژەلانی پەیڤگۆ.لە سەر شێوەی شیعرە.
2- چەند کورتە چیرۆکێک وەرگێڕدراو لە فارسیەوە.
3- چاو بە ناز.وەرگێڕدراو لە فارسیەوە.
4- بزەی گریان دیوانی شیعر.
5- قەلای ئاژەلان.وەرگێڕداراو لە فارسی‌یەوەو بەراورد کراو لە گەل ئەلمانی دا.
6- نامۆ نوسینی ئەلبێرکامۆ.وەرگێڕدراو لە فارسییەوە.
7- بیرەوەریەکانم.
8- یادێک لە دەنگی کوردستانی عێراق لە سالی 1963 تا 1980
9-بە یادی گیانی پاکی شەهیدی نەمر پرۆفیسۆر عەبدوالخالیق مارفی هەمیشە زیندوو.